شیعر

# دوای تاریکی

بەکر ئاڵەیی

**ناوی کتێب: دوای تاریکی**

**ناوی نوسەر: بەکر ئاڵەیی**

**بابەت: شیعر**

**تایپو دیزانو بەرگ: سدیق علی** sdiqali@gmail.com

**ژمارەی سپاردن:**

**چاپخانە:**

**ساڵ:** 2012

**لەسەر ئەرکی سەنتەری رۆشنبیری میرزا مەنگوڕی چاپکراوە**

قسەیەکم هەبو
بەر لە هاتنی وەرزی گریان

هەناسەم تەنگ وەختێک سەحەر هات

فڕینی نەغمەکانم باڵیان دەشکێ

ژوان نوێژی رەنگی ئازارەکان دەکا

سەرم دەبێتە کانگای برین

ئەوەتا هەناسەم بۆنی گریانو دڵەڕاوکێی لێ دێ

خەونی ترسانو شکان دەبینم

دەپرسم کوا ئەو رۆحەی

دوای ئەو رەنگە کەوتبو

لە ئەزەلدا وێنەی ئەوینی کێشا بو

لە پێکەنینی خۆری ئێوارإندا

ئەو رومەتی سروشکو

وێنەی ماچی یەقین بوو

ئەو لە عادز بوونی گوڵە وەنەوشەییەکانی منداڵیدا

وێنەی شوشە

پڕاوپڕی لوسی دەنوست

وەک شوشە

پارچەکانی حەیرانی ئاوێزە دەبونو

رەنگەکانی تێکەڵ دەکرد

وەک شوشە هەڵمەکانی وێنا دەکردو

ماچە مەستەکانی دەکرد بە شێعر

ئەو

لە ئێوارەدا لەناو پەنجەکانیدا خۆر دەپەیڤیو
مەست مەست دەبوو بۆ گۆرانی
ئەوەتا
هەناسەم تەنگە ئێستا نە شوشە دەبینم
نە هەستی حوزنو غوربەتیم دەنوێ
نە بادە هێور دەبێو
نە سروشت لە ناخمدا
سروتەکانی دابەش دەکا
لەگەڵ مۆسیقا دوور کەوتینەوە لە ئاو
لە نەسیمی کانیو
لە جوانیەکانی ئاوێزە
لە لیکی گێلاسو کڵوکە سورەکانی سپێدە
هەناسەم تەنگە بوە
هێندەی نەماوە بمرمو
یاداشتەکانی شیعر لەبیر بکەم
هێندەی نەماوە ئاماژەکان بزر بنو
پارچە پارچە بێ هەناسەم
هەناسەم تەنگەو وێنەی پەیڤە داپۆشراوەکانی
بەلاَ لۆکی رەشتاڵەی سەما
وێنەی هەورێکی پڕ ژانو
چێژ وەرگرتنێکی هەرزەیی
من لە چێژی خەنی بوونو ئەویندا بووم

گریان هاتە سەر نیگام‌و جێی نەهێشتم
درِ درِی کرد فرمێسکم‌و وتی بنو
هاتە ناو تاریکاییەکانی رۆحم
وشک وشکی کرد هەناسەم وتی بنو
هاتە ناو یاداشتی منالیم‌و
نەفرەتی کرد لە ئەندێشەم‌و وتی بنو
ئێستا بچوک بچوک بۆتەوە هەناسەم
بۆم ناکرێ بچم
بۆ ئەو یادەی نیگامی لە باوەش دایە
وێلی ئەو ساتە ببمەوە
ئاونگی عەشق دەرێژێ‌و
دلۆپ دلۆپ دلی منی لایە
دەگەرێم تا گریان برِ دەکا دەگەرێم
تا سپێدە لە مالی هەناسەم تەرِ دەبێ دەگەرێم
تا بروسکە لە رۆحمدا شایی دەکاو
ماندو نابێ دەگەرێم
تا شیعر
لە بالی زەردەخەنەدا
بە رامانی ئەشکم دەگا دەگەرێم
دەگەرێم
دەگەرێم

بۆ سۆراغی چرکە یاخی بوەکانم دەگەڕێم

بۆ چرپینی نەغمە دوورەکانی یادەوەری

بۆ ئەو لەحزە سورانەی ماچو

تا کەڤزینو کەوشنو ئازاری مۆرانە دەنێژم دەگەڕێم

تا کوانوی هەرەسو سەرابی ئەشکەنجە دەشکێنم دەگەڕێم

تا هەرێنو

سەمەربوونی وەرینی گەڵا تێدەگەم

دەگەڕێم

دەگەڕێم

ئاخم لە خەنیبوونی دوای ژوانو

سینگم لە پەیڤو درودی وێران جمەی دێ

شکاوە باڵی (جڤیک)و ماندو بوە

نابینێ ماڵی هەناسەم تەنگ

شکاوە سروشکی نمەی گەڵاو

نارژێ وەك جاران

ناسکی (کەرهی)و

موحیبەتی رەنگەکان

ئەوەتا ترساوە هەناسەم

لە ئاوێزەی رازو

لە رژانی بێ مروەتی

ترساوە دڵم

لە رژانی راچەنینو

دوا ترپەی بەجێماوی خۆی ترساوە
جەستەم بۆنی گریانو ترازانی هەناسەو
روخانی هەستەکانی لێ دێ
تەنگ تەنگە هەناسەم
رۆیشتو نایەتەوە نیگای سەحەر
تاوێ نەسیم تورە دەکا
رۆیشتو نایەتەوە چێژی باخچە
بەهار تا دێت
ئاوێزانم دەشێوێنێو
رۆحی سپی بەیانیانم
لێ ورە دەکا
تەنگ تەنگ بوە هەناسەم
گریان وەرزی خنکانی سەماو
شکانی نەغمە جوانەکانی ئەوین بوو
گریان تایتڵی ئازارو
سوتانی قسە نەرمەکانی ئاو بوو
هەناسەم تەنگ بوە
تەنگ تەنگ

**کەفی دەریا چاوانمان پێ هەڵدێنێ**
**تا بە روکنەکانی عەشق بگەین**

له فیستیڤاڵی مەنگوڕی بنکەی ئەدەبیو روناکبیری گەلاوێژ پلەی یەکەمی بە دەستهێنا

ئەی خودا
چاوم کردۆتەوە بۆ تروسکە سلاوێک
کە چیرۆکی منو روباری هەلگرتوە
ئاخ بۆ دەستگوشینی پایزو مەرگ
بۆ لێک رازی بوونی دڵو جەستە
بۆ ئاشنابونی گەلاو زەوی
زەوی بێ زەردەخەنەی خوا
زەوی بێ رەزامەندی ئاسمان
زەوی بێ پەنجەمۆری ئاو
بێ زیندانی شەوە تاریکەکان
هەمومانی خۆش دەوێ
چاوم کردۆتەوە ئاخۆ کێ ئەم باخچەیە ئاو دەدات
کێ چیمەنی نیگاکانی ژیان دەرشێنێ
کێ دەوری دڵە شکاوەکان دەبینێ
منو ولات لە ژێر چاودێری روحێکی قورس داین
منو نیشتمان لەبەر یادگرانی سروشت
رێگە نابرین
من چاوم کردۆتەوە بەلکو لەگەڵ چاوی تۆدا
نیگامان برژێنینە ناو ژیانەوە
تا لەگەڵ گریانتدا
کەلەبەرەکانی ئەوین بزانین

لە تۆ پرسیار دەکەم

بارتەقای گەورەی تۆ ئەوین لە مندا زیندوە

بەچی دەچێ کە بمرین

پرسیار لە تۆ دەکەم

جوڵەی ئەم خۆشەویستیەی من کەناری کام روباری گرتوە

من‌و هاژەهاژی روبار

چرپینی گۆرانیەکانمان یەکە

یەزدانی من

لە منداڵیەوە بیر لە تۆ دەکەمەوە

ئاخۆ کەی دێت‌و چەنگێ وەڵامی راستم بۆ دێنێ

کەی بێ‌و دەستی پیرۆزت بخەیتە سەر شانم‌و

بە هەناسەت سروشکی چاوانم بدوێنی

هێندە لە مێژە ئەوینم سەمای نیگاکانی تۆیە

هێندە لەمێژە عومرم هاورێی وەڵامەکانی تۆیە

لە تۆ پرسیار دەکەم

بارتەقای رەنگی بەفر روحی روکارم سپی ترە

بەچی دەچێ کە بمرین

هێندەی رەهێڵە

روحی ئەوینم تەرترە چ فایدەیە کە بمرین خودا

چ خۆشە زەمەن پڕ ئەوین‌و نەرم بێ

گومان مەست‌و لە باوەشی حەزین بێ

حەزینم بە چاوەکانی تۆ سوێند حەزینم

له روتا بێ باڵام و بێ وەڵام و برینم
ئەستەمە لە چاوەکانی تۆ حاڵی بم
هەمیشە دەمخەنە گریانەوە
کێ دەڵێ من دەگریم
نا نا روحم لەژێر لێواری قسە ناخۆشەکانی مەرگە
بە چاوی خۆم گوڵ دەبینم هەڵدەوەرێ
بۆنی فرمێسکی گڵ دەکەم
ئەستەمە ئەستەم
گوێم لە وشەیەک بێت باسی ئومێدم بۆ بکات
بڵێ ها باخچەو کانی و قەڵبەزەی کوێستان
بڵێ کاتژمێری... شەو ژوانی تۆو نیگای گەرمی ریحانەیە
شیعر راڤەم ناکات بۆ سروشت
موزیک شکانی من ناکاتە نۆتە
ئەی سەمای ئێوارانی ئەندێشەم
ئەستەمە خەون ببینم
لە ناخدا مردنم هەڵبژاردوە
لەوێ نەمرم وەکم چاوە بێ دەنگەکانی تۆ
چەند دۆگمایە چاوێک لە تورەییان هەڵنەیە
چاوەکانت ئاڵۆزن دوور دەکەونەوە لە باران
ئەستەمە من لە چاوانی تۆ حاڵی بم
هەمیشە پڕن لە فانتازیای کوشتنی دڵ

هەمیشە پڕن لە ڕەنگی تیرۆری ڕەنگەکان
ئەی قەدەر
زەحمەت مەکێشە با گوێم لە مارشی سەرکەوتنەکانت بێ
با گوێم لە نرکەی کۆشش‌و نەستە نەوسنەکانی ناخت بێ
روحم دەخوات
ئاوازی هۆنراوەکانم دەخوات
جەستەم پارچە پارچە دەکات
من ئاژن ئاژنم ئەی خودا
لەسەر شۆستەی سەفەرێکی گوێزانەوە
خەونم سەر بڕا
لەنێو لەپی شەیتانەوە ئاو دەخۆمەوە
چی لە چاوەکانت تێ بگەم
جیا لە دەسەڵاتێك کە پڕیەتی لە کوشتنی حەساس
ئەستەمە ئەستەم
خەریکە من‌و بەرد لە شەرمان ببین بە یەك قەترە ئاو
بەرد ئابڕوی تکا
من خرامە ژێر چەپۆکی وەیشومەوە
وا خەریکە پەڕ پەڕی گوڵ هەڵدەوەرێ
چڵ چڵی خەونم زەرد دەبێ
من‌و بەفر بەدوای چۆڕێ ئاوی زستاندا دەگەڕێین
بەدوای پروشەو سرودێکی نەوتراوەی بارینداد
دەگەڕێین

ئەی گوڵ
دڵم نایە کامەرانی مەرگ لە خەو بکەم
دڵم نایە ئاژنی ئاژنی دڵم بە هەتاو سارێژ کەم
هەتاو کوا سروشکی زستانێکی بێ شەختەی پێ دەسڕێ
هەتاو کوا کانیەکی بێ هەڵمی پێ لەخەو دەکرێ
ئەوە هەتاوە بە گێلی مەرگ مەرگ ئەحساسی رەنگەکان پێ دەکەنێ
هەتاوە بە کوشتنی منو سێدارەی مەهابادو
ماندوبونی روح پێدەکەنێ
ئای سێدارە چەند لە روحم زەحمەت تری
چەند لە فرمێسکم خەست تری
روانیم هێندەی فیستیڤاڵی مەرگ نابودترە
هێندەی خونچە وەریوەکانی روح پەرت ترە
تۆ
ئەم گولانە ببینە
ژێر چەکمەی سەفەرە بێ رەحمەکانی ئایدۆلۆژیا کەوتونو
تورەیی تۆیە ماڵئاوایی دێنێتە حەوشەی عیشقەوە
گوڵ تەماشاکە گوڵ
پرسە دەکات بۆ زامو بۆ رەهەندەکانی خۆکوشتن
گوڵ بڕوانە یەک یەک پەلک پەلک گەلا وەریوەکانی خۆی دەدوێنێ
گوڵ وتی
ئێوە پارچەیەک بوون لە مێژووی من

تەزویەک بوون بۆ بالاّ بوونم
حەزێک بوون بۆ پشکوتنم
ئەی کوا ماچی شەونم و ژوانی سپێدە
کوا من دەگەم بە دڵی ئەو شاعیرەی خۆی بۆ شیعر کوشت
هێندە ماندوو بوم کوا رەگم دەگاتە کانی
کانی نیگای هەموو کچۆڵەیەک دەناسێ
کوا چاو دەکەوێت بە باران
باران کۆتایی بە گریان دەهێنێ
ئەی خودا من چاوم کردۆتەوە
تا وێنەی خۆم لە نینۆکی پەنجەکانتا ببینم
تا وێنەی خۆم لە فرمێسکی گریانێکدا ببینم
من چەند گوناهبارم
کە حاڵی نیم چاوە نوستوەکانی تۆ چی دەڵێن
چۆن ژیانیان خۆشویستوە
ئەی خودای من
چۆن بەرگەی سوتانی سروشت دەگری
باخچە سەراپای سوتانە
چۆن لە ئازاری ئاشقەکاندا نامری
من لە گریانی تۆ تێناگەم
چەند ستەمە تێگەیشتن لە حیکمەت و قەدەری تۆ
چەند ستەمە حاڵی بوون
لە چاوانێک مەرگ پێناسەی بکەن بۆ ژیان

خودای مەزن حەزم دەکرد

تەنها جارێك گوێچکەم بە چرکەی هەناسەیەکت ئاشنا بوبا

بە راسانی نیگایەکت

فرمێسکم تێکەڵی رەنوسی نەرمی سروشت بوبا

چەند تورەی

لە ئەفراندنی روحی منو گەمەی شعورە شێتەکانم

شێتی سپاردومی بە ئێرە

بە ئایدیای لەزەتو جوتبوون

بە تێکشکانی عەشقو رامان

تێنەگەیشتم کەی حاڵی دەبم لە شێت بوون

کەی چاوم بەتۆ دەکەوێ ئەی خودا

کەی گرێی منو تەمەن دەکرێتەوە

کەی موناجاتم کۆتایی دێت

نازانم نە منم دەگریم نە خەیاڵێکی پاسیڤ

نە منم دەمرم نە خەمێکی چکۆلەی خودایە

نازانم نا

نە منم پێدەکەنم بە بیرەوەری شەیتانێکی حەرامزادەو یاخی لە خوا

نە منم سەفەر دەکەم نە یەکێك لە تێکستو

فەرمودەکانی خوایە

سێبەر دەکاو تیژ تیژ دەڕوا

دەپێم بڵێ کەی چاوانت دەکەیتەوە

تا کەفی دەریا ببێت بە روحی خوداو
من‌و شەپۆل لە چاوی تۆدا مەلە بکەین
ئەی خودا
چ خۆشە زەمەن پڕ فڕین‌و سەما بێ
جەستە مەست‌و لە باوەشی وەفا بێ
حەزینم بە چاوەکانی سوێند حەزینم
لە روتا بێ نەوام‌و بێ وەلأم‌و برینم
بە روکنەکانی عەشق نەگەیشتین
دوورم
دوورترم لە عاتیفە
لە پێکەنینی گەلأو لە چاوداگرتنی باران
فرمێسکم ئاوێزانی وەیشومە بوو
من‌و رەنگە رەشەکانی مەرگ
درودی سەوزی گەلأمان گوت
دڵم رما
کەوتە ژێر تاسە قورسەکانی مردن
چاوم هەڵوەری
کەوتە ژێر خەونەکانی لەناوچوون
ئەحساسم کۆتایی پێهات
لە دورڕیانی گۆڕانیەکان
نۆتەکانی وردو خاش بوون
ئای چ مەحشەرێکە

چ روبارێکە چ گەردەلولێکە، تەنها سەری لاشەکان هەڵدەگرێ
وێنەی فانگەلاشێکی بێ رەگ
نیگاکانی داخستوە روحم
ئای چ زەمەنێکە
ئەوە چ تفەنگێکە
سێرەی گرتوە لە رابوون
دوورم
دوورترم لە هەنگاوەکانی ماچو
دیالۆگی ئاماژەکان
روحم پەرت بوە
لە بیرەوەریم سەرخۆش ترە
یادەوەریم لە ئەندێشەکانی روحم دەچێ
قسەکردنم
لە ئاوازەکانی خۆکوشتن دەچێ
هێندە شەیدای سروشت بووم
خەریکە قاچەکانم
بە رەگی باغەوە گرێبدەم
خەریکە چاوەکانم بە قەدی دارەوە شەتەک دەدەم
خەریکە
سینگم لە سینگی چیا دەدەم
هێندە عاشقی سروشت بووم

ڕەنگم لە ڕەنگی تۆ دەچێ
ئای چ ڕەنگێ بوو
ڕەونەقی زەردەخەنەی تۆ
چ گۆڤەندێک بوو
ئاماژە شاراوەکانی تۆ
دوورم لە... تۆ
دوور ترم لە پەیام
لە سرودی دڵۆپە شەونمی گەڵای مێو
دوورترم لە بەهەشتو
لە سوڕانەوەی ڕۆژەکانی تەمەن
سەرم گوارەی خۆرەتاوی بزر کردووە
وێڵم بە دوای گوێچکەی گۆڕستانێکی غەریب
وێڵم بەدوای چاوێکی تەڕی هەمیشە عاشق
دەستم ناگا بە شینایی مانگ
چی بکەم بۆ چۆڕێ تریفە خوا
دەنگم ناگا بە پەیامە پیرۆزەکانی باخ
چی بکەم بۆ سەوزایی روحی ماندوم
دەنگم ناگا بە مانگ
چ بکەم
شەوەکانی وڵاتی من
هێندە تاریکن
لێوم بەر لێوی هیچ گوڵێک ناکەوێ

ڕێگاکانی هێندە پێچاو پێچن
دەستم بەر دەستی نەغمەیەکی ژیان ناکەوێ
ئەی یار
ئەو مانیڤێستۆیانە چین
سەریان لە جەستەم تێک داوە
ئەو هەمو ئەقڵە دیسپلینکراوانە چین
خۆیان لە جەستەی پەپولەیەک حەشارداوە
دوورم لە تۆ
دوور ترم لە سۆزو بەزەیی خالق
لە ئایەتو حیکمەتە سەنگینەکانی مۆسیقا
دەفرێکم لە بیرچوونەوە
زەمەنێکم لە شکان
ڕۆندکێکم لە دیدە بەجێماوەکانی ئاسمان
ئاسمانیان جێهێشت لای ئێمە
خستمانە ناو زەنگوڵی مردنەوە
هێندە گریا
گەڵا بە لقەکانیەوە نەما
هێند گریا
روح لە هەناویا خاش بوو
مەمکە ڕەپەکانی پوچ بونەتەوە
هێندە گریا

فریای نوسینی شیعرێک نەکەوت
دەستی ناچێتە قەڵەم
تا وەسفی روتی ئاو بکات
بە عەشق رانەگەیشت
تا لە باوەشیا
بە روکنەکانی مەستی بگات
ژێر نابێتەوە ئاسمان
ناتوانیٚ ماچ بارانمان بکات
ناتوانیٚ نا
دڵی ئاسمانمان رەنجاند
ئەڤینمان کردە نیشانە
رەشترین ئاوازمان بۆ گوت
گاڵتەمان بە تروسکەو
بە ئەوینو بە خودا کرد
دوورین لە تروسکە
تروسکە هەموو ساتەکان
بەسەر کاسەی گۆرانیەکانمانەوە بوو
تروسکە لە بڵندایی بخورەوە
عاشقی چاوەکانی سروشت بوو
هەموو سپێدەیەک بە چەپکیٚ گوڵەوە
بە روحێکی مەست مەستەوە
لە کانی ئێمەی دەخواردەوە

دەرژایە ناو یاداشتەوە

بروسکە سپێدەیەک سڵاومان لێ وەرنەگرت

توڕەبوو هەرچی جوانیو ئەوینو یەزدان هەبوو لە روحی ئێمەی کردەوە.

2005

# سەفەرێك بۆ خەونە وەنەوشەییەكانی باران

لێرە هەڵقەی ترازانی ئەڤین دەست پێدەکا
لێزمەی خەونەکانیش کۆتایی دێ
فەنابوونی تەمەن‌و
سرِینەوەی نەسیمی ریحانە کۆتایی دێ
ئێستا ئەبەدی بۆ سوتوی سیگارو
خۆڵەمێشی جەستەی مێرولەکانە
نەفەس نادات ئەم کەونە
سروشت بەر رەحمەتی جورمە شێتەکان کەوتووە
کزەی هەناسەو شەماڵە غەریبەکانیش نایە
(با) پەراسوەکانی موحیببەت تێکدەشکێنێ
لێرە سەدایەک بۆ مەرگ‌و
حەرفێک بۆ هەیمەنەی موحیببەت
ئەندێشەش رێگا قفڵدراوەکانی باران
بە سینگی سورەتە درِاوەکانی نەزۆکی شەو دەسپێرێ
عەشق‌و نێرگزیش
بەر غەزەبی تروسکە بەجێماوەکانی سەراب کەوتوون
زەنگی زام بە ئاوێنە بریندارەکانی هەوەست ئاشنایە
فەرمانی لەدەستچوونی بەهەشت‌و لەحزە شکاوەکانی قاچاغە
قاچاغ بۆ رەنوەکانی سۆزو شۆرِبوونەوەیە بۆ عەدەم
قاچاغی سێبەری سەفەرو پرِوکانەوەی رەنگە
جەنگەڵی ئەشک‌و برِینی زوڵفی شیعرە

قاچاغی ماچەکانی سۆفیێتیمو لەزەتی هەرزەیی
قاچاغی حاڵەتی جووتبوونو هەوێنی لێک ئالاندن
سوتانی رێواسەکانی سینگی نیشتمان
گوڵە پەمەییەکانی باغچەش هەڵوەرین
هەورەکان بێ خوێن مانەوە، جەستەی بارانیش وشک بوو
چی هەیە وەک سروشت جوان
چی هەیە وەک گوڵ ناسک
چ بۆنێک دەگاتە بۆنی ریحان
چی هەیە وەک سەفەر پڕ ئومێد
چی هەیە وەک شەو هێمن
چی هەیە وەک نیگا پیرۆز
وەک عەشق حەزینو پڕ سۆز
چی ئەوەندەی تەمەن پڕ بەهایە
هەموویان لە گیانەڵای مەرگو جودابوونەوەی ئەزەلیدان
لێرەوە ترازانی ئەڤینو بزربوونی عاتیفەیە
لێرەوە شکانی دڵەکانو تارمایی میوانی سپێدەیە
لێرە خۆریش سەفەری کرد
زەردەخەنەو روناکی قەدەغەیە
نازانم لە بیابانەوە هاتوین لەکوێ
بە بالای دار چنارەکان ئاشنا نەبوین نابین
لە پاکیزەیی شوشەکان حاڵی نەبوین نابین
فێری سێبەری شۆڕەبیەکانی قەراخ دەریا نەبوین نابین

سڵاوی خۆشەویستی نهۆمەکان ناناسین

لە دەڤەری دیالۆگرا نەهاتوین

چۆن فێر بووین

ئێمە ئازارمان ناسی

ئەی لەزەتی سەحراو نیگاکانی حەبیبە بۆ نالی

من کێ بناسم

تۆ موحیبەتی پێش ئاوابونی خۆر

من کێ بناسم

تۆ چرنوکی لەحزە بەجێماوەکانی تریفە

من کێ بناسم

تۆ سەمای ئێوارە خامۆشەکانی شیعر

نازانم تۆ (مەسیحی دایک ئەی خۆرەتاو

بە سازێکی بێ کۆتایی کە هەر تۆ بی

ئەمن نەغمە لەسەر نەغمە سرود ئەڵێم)

بۆ نان‌و بۆ خەتەنە نەکردنی شیعر

تۆ دەناسم

مەسیحی دایک ئەی خۆرەتاو

(لە غەزەلی نەتوانینی ی ئەحمەدی شاملۆ وەرگیراوە)

ئەو وێنانەی خودا لە خوڵقاندنیان
بێ ئاگا بوو

کوانێ ئەو خودایەی
عەشق پارچە پارچە دەکات
بەر بینگ دەگرێ لە مندالآن
ئەو نیگایەی بە دوای نهێنیەکانی بەفردا دەگەڕێ
ناهێڵێ لە رەنگی باران بنیشێت
ئێستا حەزێک ئاماژە دەکا
بۆ ناسینی نهێنی یەکان
ئێستا دەستم دەگا
بە دیالۆکو سینگی قسە نەرمەکانی شەو
شەو لەگەڵ تاریکایی روح دا دەپەیڤێ
هەڵناکەم تا نەگەم بە رەنگی حوزن‌وگریانی گوڵە پایزەکان
ئەو دەمەی گوڵە پایزەیەک ماچ دەکەم
بیر لەوە دەکەمەوە بۆ هەناسەیەک دەچم
کە تەواو بوونی ژوان‌و دەست بەردانی گەلآیە لە ئاسمان
دەڕۆم بۆ دەستگوشینی نیگاکانی خۆر
لە رەنگی ئەودا
گولآوێک دەپرژێ ئارامی دێنێتە سەما
بۆ کەرنەڤاڵی پەپولە
دێم بۆ لات
تا وەسیەتی هەموو باخچە بخوێنمەوە
دێم تا سروتەکانی مردن
بۆ باخچە بڵێمەوە

دێم بۆ لات تا زمەنی رژاو

هەنگاوی چرژاو

شوشەی شکاوی روح

ئۆخەی بەجێماوت پی بناسێنم

لە شیعری نالیدا

دێم

دەچین گویٚ دەگرین لە خالقی

لە موعانات‌و

پیربوونی پایز

لە فرینی لەزەتی ماچ‌و

لەگەمەی بیرەوەری

بەبێ دەنگی گویٚ دەگرین

لە ئوخەیی یەکانی(ئیبلیس)

ئەها

ئەوە ترپەی دڵی منە

ئەوە نیگاو رەنگی منە قسە دەکا

ئەوە بزۆزی روح‌و

سەفەری مەرگە

گویٚ ناگریٚ لە هەژان

من گویٚ دەگرم لە (شەیتان)

تا دەنگم بکا بە گۆرانی

ئەو شیعرێکم فێردەکا

جێم ناهێڵێ بە ئاسانی

گوێ دەگرم لەو (چڵە) گیایەی

بەگریانەوە چاوشارکێ ی کانی دەکاو

کانیش نیگاکانی بزر دەبن

تەماشای ئەو تابلۆیانە دەکەین کە ئامێزیان داوە لە چیا

سنوری فتواکانیان شکاندووە

ئەی خودا

دەمبوری کە نەمتوانی

گوێ لە دەقێکی نامۆ بگرم کە نەم هەژێنێ بۆ شوناس

بمبورە کە دوا کەوتم

لە رامانم لە خوردبوونەوەم بۆ سەفەر

بۆ نوچدانم

لە سڕینەوەی سنورەکانی ئاوێزە

لە خاچدانی نێرگزو چاوداخستن بە گوڵە هێرۆ بمبورە

ئەوەتام لێرە چۆن وچانم بەدی ناکەی سەیرە

چۆن داڵدەی روحی ماندو ژوانی تینووم لەخۆت پەنا نادەی

ئەو سەربازەی بێ پەروا سوپا جێ دێڵێ

عاشقە بە حوزن

عاشقە بە یادێ لە روحی مانگدا خەوتوە

ئەو شێتەی سەما دەکا بۆ باران

وێنەی گوڵێک دەکێشێ

لە سینگی دەریادا هەڵچوە

ئەو خوێندکارەی تەختە ڕەشەکەی پاک ناکاتەوەو ئۆغر دەکا
ژوانێک بۆی دەڕوانێ
ژوانێک هەر لە سەما دەچێ
هەر لە لۆغانی زام دەچێ
هەر لەخۆتەو
ژوانێک لە هەور دەچێ
بمبورە ئەوە دێم
بە خشکەیی گوێ لە نوێژی ئەو پشیلەیە دەگرم
لە ئێوارەیەکی ڕەشەمێ
بە دەم گریانو زامەوە
نزای پارچە گۆشتێکو
نزای ماچی یاری دەکا
بە دەم نیگایەکی تەڕەوە
چەنگەڕنێی ژوانێک دەکا
کە پڕیەتی لە راموسینی ئۆخژن
پڕیەتی لە رازو پەیڤی سوتاو
پڕیەتی لە قسەو لە چیرۆکی رەنجاو
تەژیە لە شێعری (یەسنین)
شیعرێکی تر لە ماڵی (کافکاوە) هاتووە
باسی ئۆرجازمو
ماچو
ختوکەی ماسیە عاشقەکانی دەریا دەکا

شیعرێک لە ماڵی (خوداوە) هاتووە
باس
لە چێژی سێکس‌و
لە ئۆخەی ئامێزو
لە ئاوازی کۆتا دەکا
شیعرێک لە ماڵی (من)ەوە هاتووە
باس لە مەست بوون‌و
عەشقی شیعرەکانی باران‌و
جوانیەکانی ناخ دەکا
دەرۆم بە دەست خۆم نیە دەڕۆم
ئەم زەمەنە قەرەبروتە جێ دێڵم
دەچم خۆم بە ئاو دەناسێنم
پێ دەخەمە ناو ئاوەکەی سوهرابەوە
چاو دەخەمە ناو گوڵە سورەکەی فروغەوە
دڵ دەخەمە ناو حەوزەکەی گۆرانەوەو
نیگام دەخەمە ناو کانیەکەی نالیەوە
شەرمەزارم ئەی نالی پەیامبەر
کە نەمتوانی پێیەکانم رەدوی ئەو ماچانە بخەم
کە کۆتاییان پێ هاتووە
شەرمەزارم ئەی فروغ
کە نەمتوانی داڵدەی شەوێکی ئاوس بدەم‌و
تێر تێر لە هەناسەیدا نقوم بم

شەرمەزارم ئەی (سهراب)
کە نەمتوانی
لەگەڵ (گۆران) لە حەوزێکی لێخندا
تەوقە لەگەڵ یەکتری بکەین
گۆران لە هەورامانەوە
سڵاوی نارد بۆ پایز (پایز پایز بوکی قژ زەرد)
لە بوکی قژ زەردەوە ئیزنی وەرگرت
تا سیاچەمانە بنوسێ
بەجێ ماین لە ناسین‌و خوێندنەوەی (سەدای پای ئاب)
ئەها
گوێ دەگرم لەدوا سەرنجی (گۆران)ەوە
بۆ ئەو دیالۆگانەی چرکە نیە ئۆخەی نەچێنێ
چرکە نیە باوەش بە کانیدا نەکاو
قژەکانی لێو ئاڵ بیر پرشنگ نەخاتەوە
بمبورە ئەی خالقی شێعر
دێم پێویستم بە ئەحساسی هەموتانە
تا ئاشنای نیشتمانم بکەنەوە
تا لە هەناسەی گوڵ رابمێنم‌و
سرودێ بۆ نیشتمان هەڵبدەم
با بپەیڤین
بچین ئیزن لە حەزرەت وەرگرین‌و نوێژێ بۆ باخچە دابەستین
تا بمخاتە ناو شەونمی قەسیدەیەکو

بمچێنیّ لەناو چوارچێوەی دێڕێکدا
بمانکات بەو گۆرانیەی دەڵیّ
(پەپولەی ئازادی ناو باخچەی دڵداری‌و عیشق‌و سەفا بوین
بەخوا زۆر حەیفە گوڵم ئێمە بە جارێك لە یەكتری جودا بوین)
حەزم لێیە بەو نەغمەیە بێمەوە
کە گەڵای باخچەیەك كڕنۆشی نەبرد
بۆیە كوشتیان
حەزم لێیە ئاماژەیەك بكەم بەچاو
بۆ چاوشارکێی منداڵی
بۆ ئۆخەیی پشیلەکان
بۆ رامان لە ئازایەتی‌و روتی شیعری (کەژاڵ)
بۆ ناسینی ناخی بەهارو
تەزینی زستانی نیشتمان
تەزینی زستان هەر لە گوللەی شەڕەكانی ناوخۆ دەچیّ
تەزینی زستان لە ماچی کوژراوی بەر ماڵی یار دەچیّ
تەزینی زستان هەر لە رامان‌و
خەیاڵی بۆرژاویەکی نەوسن دەچیّ
تەزینی زستان لە هەترەچونی
سەرکردەیەکی دۆڕاو دەچیّ
تەزینی زستان هەر لەمانگرتنی دەسەڵات دەچیّ
زستان هەر لە زستان دەچیّ
ئاشنای سرودی هەموو وەرزەکان بووم

زامی هەموو شەڕەکان تەژیە لێم
وڵاتی هەموو دیکتاتۆرەکان شارەزام
تەژیە لە هەناسەی سارد
لە رەنگی چرژاو
لە سرودی بەجێماو
لە ماچی درۆزنانە
لە نیشتمانی درۆ
وڵاتی عاشقەکان پێ دەزانم
لە قەراخ باخچەو نزیک کانیە
نزیک لە شێعرو لە بەرۆچکەی جزیریە
نزیک لە هەناسەی باران و
لە خەونی پڕ حەکایەتەکانی شەونمی شاملۆیە
نزیکە لە ماڵی نیشتمان
ناو پەرتوکی مندالانی ئەنفال
نزیکە لە ماچو موحیبەتی ئەو شاعیرەی
لە بەزمی ئەڤیندا نقوم بوو
غەرق بوون لە یادەوەری لە ناسینەوەی ماچەکان
لە ناسینەوەی نەغمەی ئەو شەونمانەی
لە (تا)ی لێوەکانی شەو تکان
لە ناسینەوەی ئەو ئاماژانەی
(با) یەک
بۆ راماڵینی روح کردی

ڕۆچوون لە ناسینەوەی ئەو ئاماژانەی
نیگای چاوێک زەردەخەنەی یار دەدزێ
نقوم بوون لە رازو رامان
لە باوەشی ئیبلیس‌و وێنەی روحە شکاوەکان
لە ماچێک کە زەنگی نێرگزی لێدا
با قسە بکەین
پێویستیم بە دیالۆگی روح‌و بۆنی کانی‌و
یەیڤی سەوزایی سروشتە
لە رەنگی ئەو درکێک هەیە حەزی لە تەوقەو راموسینە
ئاوی سروشک‌و
پێکەنینی باخچەو
ئەندێشەی شەرمی گوڵەکانی سۆزمان دەدوێ
لە نیگایاندا
نوێژێک هەیە بە بەهەشتمان دەناسێنێ
دەبا ماچی یەکتری بکەین
عومری ئێمە بۆ ساتێکیش
کەناری هێمنی لێوەکانی نیشتمانی نەگرتووە
من چی بکەم بۆ تنۆک تنۆکی ئەو ئەوین عەشقە جوانەی
لە قسەی کیژۆڵە شەرمنەکانی شاخ‌و
سەمیمی روحی تەری نیشتمانم دەتکێ
چی بکەم
بۆ سترانی ئەو گوڵانەی

لە باخچەی فرمێسکو

ئاوێزەی پێکەنینو

قسە نەرمەکانی هەور دەرژێ چی بکەم

پیاسەیەکمان کرد

بە قەراخ دەریاو روبارەکانی شاردا رۆیشتین

ئاوسا بوو لە تەرم

تەرمی مێرولەو

تەرمی پەپولەو

تەرمی نیگای لە خاچ دراو تەرمی هەرزەکاری عاشقو

پڕە لە تەرمی ماچو ئاوێزانی بریندار

پیاسەیەک دەکەینو دەڕۆین

گوێم لە زامو نالە ناڵی شیعرەو

سەربڕینی نەغمەکانی (کانی)

نزاو تەسلیمبوونی مۆسیقاو

روحشکانی سروشت بوو

لە گفتوگۆی ئەو ئێوارەیەدا

گوێم لە زکری

سرودی سۆفیەکانی حەزرەتی نوح بوو

لە راڤەی ئەو دیالۆگو پیاسیەیەمدا

گوێم لە گریانو تیرۆرکردنی قەسیدەکانی نالیو

لەخاچدانی نیگاکانی حەبیبە بوو

لەم سەمفۆنیای ئاوازو مۆزیکی دایە دا

گوێم له‌ ئه‌ندێشه‌كانی مه‌نگوڕیو
دان پیانانی كچانی سه‌رده‌م بوو
گوێم له‌ زه‌نگ‌و
نه‌غمه‌ی ماچه‌ مه‌سته‌كانی فروغ بوو
گوێم لێبوو هه‌ناسه‌ی كۆبونه‌وه‌ داخراوه‌كان
پشتیوانێك نه‌بوون بۆ پێكه‌نین
ئه‌و وێنانه‌م دیتن كه‌ قه‌ت له‌ پاراستنی روح‌و گوڵدا نه‌بوون
كه‌چی سرودی پاكیه‌تی خۆیان ده‌گوت
ئه‌و وێنه‌و دیكۆمێنتانه‌م بینین
كه‌ حیكمه‌ت‌و قسه‌ی خودایان له‌سه‌ر نه‌بوو
هه‌موو ئه‌و چاو سروشته‌ ره‌نگاو ره‌نگانه‌م بینین
كه‌ خودا له‌ خوڵقاندنیان بێ ئاگا بوو
دیتم ره‌هه‌نده‌كانی ئازارو نزا
له‌وێ ماچێك هه‌بوو بۆ سروش
له‌ فڕینی ئۆغربوون‌و مه‌ستبوونی باڵنده‌ حه‌زینه‌كان
پایزێك هه‌یه‌
مه‌ست مه‌ست بۆ گریان
له‌ ماڵی عشقدا ئاسمانێك هه‌یه‌ بۆ حه‌زین
بۆ قسه‌كردن له‌ نیشتمان
چڕنوكێك هه‌یه‌ بۆ بارین
بۆ نه‌غمه‌ی ئه‌ستێره‌و
بۆ خه‌نی بوونی گه‌ڵاكان

حەنینێک هەیە بۆ سڵاوو
بۆ ماچکردنی خوداو
بۆ خڕکردنەوەی نیگاکان
دڵێک هەیە لەمماڵەدا قسە دەکا
پێمان دەڵێ دێنەوە بۆ نیشتمان
قسەیەک هەیە هەر لە ئاسمانە
رەنگە لەگەڵ نمەو هەناسەی ئەم بەهارە بڕژێت
رەنگە نەرمی بەفرو
زستانی ئەم ساڵ بانگی بکەن بۆ کەرنەڤاڵ
کەرنەڤاڵی ئۆخژنو
مەستبوونی چیاکان
کەڕنەڤاڵی سرودی ئەوینو خۆر هەڵاتن
رەنگە گۆرانی حەزینی ئەستێرەکان
رەنگە ئاوازی مانگو
قسەی نەرمی فریشتەکان
لێرە نمایش بکرێ رەنگە
قسەیەکە لە ئاسمان
بۆ خاشکردنی تخوبەکان
تەژیە لە ئاخی گەریلا
پڕ پڕە لە رەنگی سەوزو
تاجی سەری چیا
پڕ پڕە لە هەواڵی بڵاونەکراوەو

نیگای لە خۆر داتاشاو
قسەیەکە لە نەتەوە
گۆرانیەکە بۆ مێژوو
چزیلکی خۆرە بۆ روناهی
مانگ بانگی دەکا بۆ رابوون
ئەستێرە بانگی دەکا بۆ بارین
ئاوازو حەزینی پایز
بانگی دەکا بۆ ولات
ئاسمان دەینێریٚ بۆ باران
بۆ خەرەندو بۆ چیا
ئەوە هاتەوە بۆ لات
ئەی ولاتی ئازار پڕ زامی تیرۆر
ئەوە هاتەوە بۆ لات
پڕاو پڕە لە ئەندێشە
پڕە لە سەنگەرو بەرخودان
سەنگەری سەوزبوونی سروودو
هەستانەوەی چامەکانی نالیو
بالابوونی رێواسەکانی چیا
ئەوە هاتەوە
بۆ دیلانەی رۆحو
نۆژەنکردنەوەی نەتەوە
هاتەوە

بۆ ماچکردنی خاکەو
لە باوەشگرتنی خودا
ئاوێزە بە ئێمەی وت
دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان
سرودێکی پێیە بۆ مەخلوق
دەڕژێنە ناو ئاوازێک
ئاوازێک سروشت دەکاتە
زەردەخەنەی منداڵانو
پەنجە دەڕژێنێ بۆ مۆزیک
ئاوازێک دەگەڕێ
بۆ دۆزینەوە
ئەو چاوانەی دوای ژوان
سەفەر دەکەنەوە بۆ ناخ
ئاوازێک راماوە
تا بگا بەو هەناسەیە
کە سرودی مێژوو راڤە دەکا
ئاوازێک چاو دادەگرێ لە چڵە نێرگزو
ئاماژە دەکا بۆ ئاونگو
قسە تەڕەکانی ئاسمان
ئاوازێک دێتە ماڵمان
دروودو حەزی شێعر دەچێنێ
تا بەباڵای ئەوین بگات

ئاوازێک ژوانی سیسرک هەناسەکانی تاریکیش دێنێتە سەما
بڵندتری لە دەنگی ئەندێشەکانی قەندیل
چاوم ناگا بە لوسی نیگای گۆرانی
درودێکم دەستکەوت
لە رامانی قسەکانی ئاوەدانی
گۆرانیەکم دەست کەوت
لە چەپڵەی مانگ‌و چاوداگرتنی کانی
ئەڤینێکمان دەستکەوت
لە خەونی ئاوازەکان
لە حەژمەتی ئاوێزان‌و
راموسنی ریحانەو کلوە بەغری خەواڵو
ئاوازێکم دەست کەوت
لە دڵداری مردن‌و
ژوانی کێشانی روح‌و
بێ ئۆقرەیی هەناسە ماندوەکانی زەمەن
ئاوازێکمان دەست کەوت
لە خۆت
فلوتئاسا دەمانبەیتەوە ماڵی حەسانەوە
دەمانئاخنێـە ناو سروتەکانی رامان
وجودمان دەبەیتەوە بۆ ئەندێشە
ئێستا راماوە لە خود
راماوە لە رامان

راماوە لە باڵاو لە پیاسەو

لە دیالۆگو لە ژان

راماوە لە روح

دەیەوێ سەرەتای ئەم جوڵەیە بزانێ

بە حەزەرەوە دەڵێ

خوستمە بزانم تۆ چی

وەرە ناو بیرکردنەوەم

وەرە ناو جەستەم

تا هەتایە هاوڕا بین

ئێستا لۆژیکی هەموان

رامانە لە خەون

رامانە لە عەقڵ

رامانە لە هەناسە

کۆششمان پڕیەتی لە گومان

دەستمان ناچێتە کوشتنیان

دانیشتوین

بۆ روانینی بزۆزی روحو

بۆ تەماشاکردن لە مردن

بۆ سستبوونەوەی جەستەو ماڵئاوایی کردن لە زەمەن

دیقەت دەدەین لە هەنگاونان

لە دانیشتن

لە ماچ لە هرو هاجی نەوسو

لە ساتەکانی پێش ئۆرجازم
راماوین لە زاوزێو لە سێکس‌و لە کوشتنی پەپولەو گوشینی گۆی مەمك‌و
قرتاندنی باڵی کۆترو
سەربڕینی باڵندەکان
راماوە لە روح
کە ناسوتێ لەناو دۆزەخدا
کە ناچەمێ لە بارگرانی زەمەندا
کە کۆتایی نایی وەك خودا
هەڵاتوین لە زەمەنی جاویدی‌و
بێ شوماری تەمەن
هەڵاتوین لە خەونی سەوزو
یادە زیندوەکانی ئەوین‌و
سوربونمان لەسەر مردن
راماوین لە مرۆڤ چەندە شەڕانگێزین
چەندە رێژنەی خەون دەدزن
راماوین لە باڵندە
چەند ئاشنای وێنەکانی باران‌و
دڵداری فڕین‌و هەستانە
راماوین لە رامان
چەندە روحمان ئاژن دەکا
چەندە گوارەی گریانەکان
بە گۆڤەندی راموسین‌و

گوێچکەی ژیان ئاشنا دەکا
ئەوەتا پێدەکەنم
بە چیا
قسەیەکی نیە بۆ بەردەوامی
پێ دەکەنم بە کانی قسەیەکی نیە لەسەر زمان
پێدەکەنم بە باران قسەیەکی نیە بۆ وەرینی گەڵاکان
تەماشای مانگ بکە لە رەنگی خۆیدا نقوم بووە
ئەوە خۆرە
تەنها ئاوێزە دەنێرێ بۆ زەوی
بیر لە مردن ناکاتەوە
ئەوە ئەستێرەیە چاوشارکێی لەگەڵ ئەزەلی بونی رۆح دەکا
ئێمەی مرۆڤ چەند گوناحین
لە هەوڵی رژانو
چوک بوونەوەی رەنگەکانین
لە هەوڵی خامۆشکردنی رۆحو نەناسینی زەویو
ترۆکردنی جوانی داین
ئازارە ئازار
ئازارم نەدی ئەوەندەی ئازاری رۆح
ئۆخەم نەدی
ئەوەندەی ئۆخژنی یادەوەری
لەززەتی گرکانو رۆحی ئاوێزە
پرپەتی لە بروسکە

نەرمی زمان‌و ڕەنگی تێکچڕژانی باران
پڕیەتی لە شەنگەیی
پیاسەی قەراخ دەریاو
شەقامەکانی شار
پڕیەتی لە یاداشت
چۆن ڕۆح بدەینەوە بەر
جەستەی بێگوناهی پەپولەو
ڕومەتی گەڵا وەریوەکانی پایز
چۆن ئەو تابلۆ دزراوانەی مێروله
بسڕینەوە
کە نیشتمانیان بەدەربوو لە کوشتن
چ مەحشەرێک بوو وڵاتی قەدەر هاوڕێ
ڕاڤەی شتەکانی بۆ کردم
چ وانەیەکی زەمەن بوو
فێری گەڵاڕێزانی کردم
چ عەشقێک بوو
پەنای ماچێکی پایزی داو
دای لە ڕۆخی ئەو جۆگەیەی کە بۆنی غەریبی لێ دێ
چ پەیامێک بوو
لە ڕۆحی گوڵەوە هات‌و
بە گەڵای باخچەی دا کردو
نمەی حەزی لێ گوڵ دەگرێ

چ قەسیدەیەکی ناسک

سروتی رەزی دڵەکانی چیا بو

لە فرمێسکێکدا سەمای کردو

چاوی دانابوو بۆ باران

چ کوێستانێکی پڕ قەڵبەزە بو

سلاوی نارد بۆ ئەڤین

لە رەنگیدا

ژنێک ئازاری هاتە ژان

چ مەحشەرێک بوو هاوڕێ

گەلایەک لە باخچەی حوزنەوە هات

پڕ پڕ بوو لە قسە

هاتو وتی بەیانی باش

پرسیاری کرد

دەمەوێ بمبەنەوە ناو شەونمی باخچەکان

بمبەنەوە ناو

سروتی وەرینو

عاجزبوونی شنەکان

بمبەنەوە ناو

هەناسە جێماوەکانی ژوان

لێرەوە فێر بووم

ئەم قانونە نایەوێ

گەلا سۆزی خۆی بخوێنێ

ئەمە روکنەکانی سروشتن
ناهێڵن باخ سرودی خۆی بڵێو
نمایشی خۆی بکات
چ قیامەتێک بوو ئەی یار
جەنگی سروشتو
باخچەکان
جەنگی ژانو ماچی ژوان
برینێک جێماوە لە گوڵ
بۆ راڤەبوونی باران
ماچێک سرودێکی هەڵکەند
سەفەری کرد
بۆ دوو لێوی سەوزی ئاسمان
زستانی 2006

# پایز لە فیستیڤاڵی ئاگردا

لە فیستیڤاڵی فانی خەڵاتی سێیەمی بەدەستهێنا

ئەم شەو نیگای حەزینی دڵێك

وتیك

سبەی دێم لە فیستیڤاڵی ئاگردا

تنۆك تنۆك هەڵدەوەرێم‌و دەسوتێم

تا ماڵی ڤیان ببینم

وتی دێم

دەمەوێ دابگیرسێم

تا رەنگم

لە رەنگی سپێدە بچێ

تا زەردەخەنەم

لە غەریبی ئێوارەدا نقوم بێ

هات

تیژ هات

روحێکی باریك باریك

وێنەی تیژی بروسکە

ئاو هەناسەکانی تەڕ کردەوە

شنە

دەچوە ناو دەمیەوە

تەڕ تەڕ بوو لە ماچ

ئاوسا بوو لە خەونی رەنگەکان

ئاوێزە

لە چاویدا دەبریسکا

وتی هاتوم بۆ گوێگرتن
لە چەخماخەی نسیٚو
برینگدانی هەتاوێک تا وەرینی
هەموو دڵەکان بپۆشم
هاتوم بۆ روانینی
چۆپی گەڵاکانو
ئاژن ئاژنکرنی موزیکو
تا تروسەکەیەک
لە گەروم بۆ خەزان هەڵوەرێنم
من پایزم
رەنگم زکری هەراسانو
خەراباتو شکانی ساتە سورەکانی
باخچەیە
پەیڤم
ئاخێکی هەتیوی
کانیەکی بەجێماوی سەحرایە
وتی من موعاناتی گەڵام
هێزم
لەگەڵ هەناسەی قازیو
وێرانبوونیماڵی کوکوختیەکانی نیشتمانە
عەشقم هێندە حەزینە
هەمیشە ناخی دەسوتیٚو

دڵم باڵندەی گریانە

با پەیڤی پایزتان

پێ بڵێم

خۆم ئاوێتەی وەرین بکەم

گەڵا لە حەژمەتی

نەگەیشتن بە نهێنیەکانی باران

هێواش هێواش

دەچەمێتەوە بۆ ئاگر

لە تاوی تورەبوونی شەونمو

شکاندنی دڵەکانی (کانی)

گەڵا دەشکێ جارێکی تر

شکا

فڕینی باڵەکانی شکا

حەماسەتی سروتەکانی شکا

خەوو

چێژو

ئاوازی ئامێزی شکا

گەڵا

دەچێتە رۆحی حەزینەوە

وێڵی وەرینو پەرتبوون دەبێ

پایز

لە زامی لاوکو

ئازاری چیادا دەوەرێ

عەشقی گەڵا لە باوەشی خەمی ئاودا

رۆحی سەوزی هەڵدەوەرێ

لە چاویدا خەزان شین دەبێ

پایز وتی

بە ئەسپایی پێ دەنێمە ناو باران و

چاو دەبڕمە تریفەو

ئاوێتەی وڵاتی قەدەر دەبم

سەما

بە پەنجەکانم دەکەم

تکا دەکەم لە حیکمەتی ژان

تا لە مەستیدا بخەوم

نازانم

چ قەدەرێکە ناهێڵێ

مەست بم و پڕ بە دیدەم

رۆحی سوتاوم ببینم

لە وروژانی ساتێکی ئەسریندا

لە زەردە مەرگێکی سپێدەدا

لە وێرانبوونی کانی و

کوژرانی خەونی نسێدا

لە شکاندنی تابلۆی دڵۆپەکانی کارێزو

قرتاندنی چرۆکانی یادو

سوتانی شیعردا
لە عاجزبوونی (با)و
زیندانیکردنی سپێدەو
مەرگی گۆرانیەکانی رۆح دا
ئەوە منم جەستەم رۆحم
خەیاڵم مەست دەبێ لە حەزین
کاژی زیوین دەپۆشم
تاڵ تاڵ
گەڵای باڵام دەوەرێو
زەمەن هەمووی دەبێ بە برین
نەورۆزی 2006

# مەچۆڕەوە بۆ مەنفا

بەم ئێوارەیە بۆ کویٚ دەڕۆی

ئەی نازانی

فرمێسکی چاوم شویٚ، مەنزڵت پیٚ نازانیٚ

دە وەرە

با بەیەکەوە گویٚ لەو قەسیدەیە بگرین

کە ماڵمانی پڕ پڕ کردبوو لە ماچ

ماڵمانی پڕ کردبوو لە پێکەنین

با بەیەکەوە گویٚ لەو گۆرانیە بگرین

نۆتەکانی لە هەڵمی ئاوو

شەپۆلەکانی لە نیگاو

وتنی لە زمانی هەورەوە دیٚ

بەیەکەوە بچین بۆ ماڵی ئاسمان‌و

ئاوێزەکانی خۆر بدوێنین

بۆ کویٚ دەڕۆی

جێم مەهێڵە

ئۆغربونت

هەڵوەرینت یەکەم

زەرەخەنەی خونچەکانە

جێم مەهێڵە دەستم بگرە

با سەوز بم‌و

پیاسەکانی عەشقو

مەستبوونی ڕێژنەو

خەونەکانی کارێز فێر بم

جێم مەهێڵە

4/6/2008

# ختوکەی ئێوارەمان ترساند

**لە چوارەمین فیستیڤاڵی بنکەی ئەدەبیو روناکبیری گەلاوێژ لقی رانیە لە**
**2007/5/19 خەڵاتی یەکەمی وەرگرت**

ئێوارە تا دێت کاڵ دەبێتەوە

هێندەی شکانی بەڵێنە زەردەکانی ژوان

وەک خەمێک وەستاوە بەپێوە

دێت بێ یاداشتی ئەو مەمکانەی

لە شەوە ساردو سڕەکانی زستاندا

گەش گەش دادەگیرسان

دەبون بە پێڵو

دێت

ئێوارە تا دێت زیاتر عاجزە

هێندەی رەشەبا لە گوڵ

هێندەی گوڵ لە رەشەبا

گوڵ پێخوستی ئازارەکانی (با)و

رشتنی دوا پێکی شەربەتی مەستیە

ئێوارە دێتو

ترس بۆ گریان دەکاتە گۆرانیو

تا دێت غەریبتر دەبێت

دێتو کەسمان ناچین

بۆ کەرنەڤاڵی موعاناتو

بروسکە تورەکانی (با)

ناچین بۆ پرسکردن بە خەمو

سلاوکردن لە سرودی ژان

ساتەکانی شکانی ئێوارەم لە یادن
من‌و گەردەلولی (با)
ختوکەی ئێوارەمان ترساند
هەردوکمان چاوی عاجزی‌و
ئولفەتی گوڵمان تورە کرد
ئەو خەتایانەم دیتن
شوشەی ئەشکی عەشقیان دەشکاند
قسەی نسێکانی چیایان
گوێ پێ‌ئەداو
نیگای نۆتەکانیان فرێ دەدا
من دەزانم
مەستبوونی مزری هەنارو
زەنگیانەی زراڤی چنارو
ئەندێشەی نسێی شۆڕبیەکان
چەند
ترپەی دڵیان دواندووە
دڵی ئێوارە ویستی بگات
بەو ترپانەو
کەچی چڵێسی سەرخۆشە درۆزنەکان
ئێوارەیان تێر تێر گریاند
ئێوە پرس‌و نهێنیەکانی دڵی بەردو

راچەنینی قەسیدە ئاویەکانی دڵی عاشق‌و

دوا دڵۆپی ئەشک‌و

خەمە گریاوەکانی ئێوارە دەبینن

ئێوە کەڵەگایی ئەو کوڕە مەستانە دەبینن

کە چۆن

گوڵەکانی باخچەی عەدەم رووت دەکەنەوەو

فڕینی ئێوارە شەق دەکەن

ئێوە لەتلەتکردنی نیگای شەرمن‌و

حەزە رۆمانسیەکانی پایزو

بە پەراوێزبوونی روحی تەڕی

کچۆڵە عازەب‌و شەرمنەکانی گوند

دەبینن

دیوتانە

ئێوارە بە دەم نەغمەو سرودی رەنگەکانەوە

بێ پشودان دەرژایە باخچەو

خۆر لە دوو مەمکیا

تێر تێر دەنوست

هەمومان ئێوارەمان خۆش دەویست

نەمانزانی قسەی لەگەڵ بکەین

نەمانزانی پیاسەو یاداشت‌و

نیگا زەردە رەنگاو رەنگەکانی

قەد قەد بکەین

وەکو نوشتەی شانی چەپمان

بە ئاونگی سروتەکانی خۆیەوە

دڵمان بۆ ئێوارە ببەین

ئێوارە هاتو نیگاکانی دیتن

لەسەر ریحانەیەک گیرسایەوە

تا لە خومارو

بێ ئاگاییدا رەش رەش بێ

هات دەیڕوانیە زولفە قەترانیەکانی زەمەنو

ماڵە کوژراوەکانی بانگ دەکرد

بۆ کەڤاڵی زەنگیانەکان

هات

ئێستا ئێوارە ماندوە

بەدوای تەرمی گەواڵەکانی ژواندا را دەکا

خەونی زارۆکو

هزری هەرزەکاران پێ نازانێ

ئێوارە

وەک عاشقە دڵشکاوەکان

نەیتوانی بچێت بۆ ناو

رۆمانسیەتی پایز

نەیتوانی بڕوات

بۆ مێژوو

نەیتوانی خەنی بێو خەون ببینێ

نەیتوانی چاوەکانی بشوات

نەیتوانی ئێوارە بێو

پێکی گریان تەماشا کات

تەماشا

جریو

بەدەنی پڕ پڕ بوو لە بروسکەی سرک

تەماشا نهێنیەکانی ناسکیو

زەردەخەنەی ئێوارە پایزیەکان

ئارام ناگرن

ئێوارە بە حەنینەوە رژا

بە زەردەخەنەوە

پژا

پژا

چەند ستەمە ئێستا ئێوارە ناتوانێ

ئاوابونی بێتەوە دەست

هەمویان سەرخۆشن

برژانگو بروسکەی ئاونگی سپێدەو

قاقای هەورو چاوداگرتنی نسێو

فڕینو غوربەتی ئێوارەو

هەستە نەوسنەکەی چێژوو

ئاوسبوونی باران‌و

دوا چڕنوکی خەیاڵە سورەکانی پایزو

برین‌و کۆتاییەکانی ئازارو

هەمویان سەرخۆشن

چڕبوونەوەی زمانی چیاو

غارغارێنی تەمەن‌و

هەمویان مەست بوون

مەستبوون

تا یادەوەریەکان

قەسیدەکانی ژوانی خوداو مەخلوق بڕژێ

بڕژێت

بۆ فریودانی ساتەکان‌و

بۆ دزینی نیگا عاسێ‌و

رۆمانسیەتی سپێدە

سپێدەکان جێماون لە تریفە

لە شەونم

لە ماچکردنی گوڵ‌و هەناسەکانی ئێوارە

لە فەرمان

دیالۆگی بڵندایی تەرزە

تەرزە

وەک جاران نامانترسێنێ

وەک جاران

گەڵاکانم ناگەچڵێنێ

تا دڵ دەبا پێدەکەنێ

پێ دەکەنێ

بە نامۆبونی منو

بە فەنابونی تریفەو

بە ئاوارەبوونی ئێوارە

بە سوتانەوەی گوڵەکانی پایز

بە ماندوبونی هەتاو

بە خانەی هەورە سپیەکانی مردن

ئێوارە مات مات

ئەوەندەی زمانی چراوگەکانی یاداشت مات

ئەوەندەی ئاخاوتنی کچێنی مانگو

ختکاندنی

کانیە مەنگەکان مات

کانیە مەنگەکان

تەژی بوون لە خەونی ئەتک کراو

لە ترسو

زیندانی جەنگەکان

لە خۆبواردنو بەرپرسیارێتی

لە ئەهریمەن

لە جنۆکەی کەڵەگەتی بێ عەقڵ

لەشوترکی حوجرەی مزگەوت‌و

لە گریانی خۆ پاک کردنەوە

بە گواو

پڕن لە خەسڵەتی ناشرین

ئاخن ئاخنن لە درۆ

دێن‌و سروتی ئێوارە بۆگەن دەکەن

سپێدەباشی

دوا پەیڤی

ئێوارە ئازار دەدەن

دێن‌و درێژترین چیرۆکی ئاو

تێک دەشکێنن‌و

رێگە دەگرن

پەنجەرە گۆرانی بڵێ

ئێوارە مات

ئەوەندە نەماوە

ئێوارە خۆی لەدەست بدات

کاڵ دەبێتەوەو

یەکجاری تورە دەبێ‌و

جارێکی تر سڵاو لە کەس ناکا

خەریکە مەنگ دەبێو

زەردەخەنە نارژێنێ

پەیامێک نادا بە ماچ

هیچ ئاوێزەیەک هەڵناکات

جۆرێکیش

لە شەرابی تریفە نابەخشێتە ئاوێنە

ئێوارە ئاوێنە دەشکێنێ

پارچەکانی دەنیرێتەوە بۆ مردن

بۆ خودا

2006/5/24

# نەغمەیەك بەر لە حەیران

دەبێتە میوانی باخچەکان
نەغمەی حەیران دەنیشێ
لەسەر چلە نێرگزی
سروتە رەنگاو رەنگەکانی خەیاڵ
دەزرینگێتەوە لەسەر
ئەندێشە ئاماژە پێنەکراوەکان
پێدەکەنێ لە ماڵی پایزو
سروش دەکاتە ژوانگەی ماچ
منو پێکەنینی باران
دەرژێینە سەر سۆراغی گۆرانی
منو پێکەنینەکانی کانی
سڵاو دەکەین
لە بزربونی نوێژی سۆفیەکان
منو گۆرانیەکانی ئەوین
دەچینەوە بۆ راموسینی ساتەکان
من
شەپۆلەکانی دەریا
دەچینەوە ناو
زەردەخەنەی زریان
منو ئارامبونی
هەناسەکانی بارینی بەفر
تەڕ تەڕ دەبین

بۆ گۆرانی
دەی
ولآتی خەون‌و
نیشتمانی نەغمەکان بدەنەوە بە حەیران
سەمفۆنیای زریان‌و
ئازاری هەناسەم
بدەنەوە
دەچمەوە بۆ باخچەی ژوان
من لەوێندەر
کەڤاڵی رەنگەکان دەناسم
چیرۆکی خەمی خەونەکان گوێ دەگرم
فرمێسکی رەقیبەکانم دەبینم
حەرامی عاشقەکان دەپەیڤم
هەر لەوێش تخوبی ماچ‌و
لەزەتی خەنی بوون دەڕژێنم
سنوری
خەڵوەتی نوێژەکان
دوا چرپەو
چریکەی سۆفیە مەستەکانی خودا دەبینم
وەرن حەیران بدەنەوە جوانی
دێم
حەیران دەبەمەوە بۆ عیشق

دەی
حەیرانەکان بەرنەوە ناو ئاوازەکانی نەمری
دێم دەبین بە نەغمەی حەیران‌و
دەچینەوە ناو شیعر
کانی دەکەینەوە
بە ژوانگەی ماچە شەیتانیبوەکانی شۆڕەبی
دەبین
بە هاوڕێی نزا گومبوەکانی خۆر
ئەوەتا خۆر دەیەوێت
لە رەنگی خۆی بێتە دەرو
لەگەڵ خرینگەی سپێدەکان
حەیران هەڵبێ
لە تەک باران‌و سیمبولی
نزاکان دەرکەوێ
پەنجەکانی لە خوێندنەوەی وێنەکانی باران دەچن
هێندە لوسن
هەر لە حەوزی خەونەکانی
کیژەکانی چیا دەچن
ئێرە ئاریشەی
زەنگە ژەنگ گرتوەکانی مێژوە
بۆ
پێنوسێک نایکاتەوە بە کتێب

نەسیمێکە
کەوتۆتە پەراوێزی عەشفـو
بۆ رۆحێک
نایکاتەوە بە نەغمە
نۆتەی دوا چرپەی ژوانێکی غەریبە
بۆ دەنگێک ناپپرژێنێتەوە
بۆ باران
حەیران
وەرە شکاری دڵە نوستوەکانی
چیا بکەو
بیانخەرە ناو
تورڕبێنی کارێزەکان
بانگی ئاوازەکان لێبدەو
بیدە لە گوێچکەی رەنگ‌و
با لەخۆردا سروشت بزێ
ئاوێزانی
ئەم تروسکەیە بەو
خۆر بێنەوە
بۆ دڵەکان
2008/12/7

# دێمەوە بۆ عەشق

دەگەڕێمەوە بۆ سروش
بۆ حەزی فڕینی ماچو
بۆ دوا چریکەی نیگای ژوان
بۆ کۆتایی دوا قومی شەرابو
تەنگبونی هەناسەکانی هەرزەیی
دەچمەوە بۆ ئەوێ
بۆ دڵدانەوەی برینە پڕ سوێیەکانی نیشتمانو
بۆ وتنی
گۆرانیەکانی خالقیو
ڕێکخستنی کۆڕەکان
بۆ غارغارێنی کۆڵانو
دیسان میوانی دڵە شکاوەکان
دێم
بۆ پیاسەی ئێواران و
گوێگرتن
لە گەڵا عاشقەکانی سەر شەقامو
لە ئاوازی ورتە ورتی ڕێژنەی باران
دێم
بۆ پێکەنینی
کلوە بەفرەکانی زستانو
دوا پەیڤی خۆرئاوابوون

بۆ چڕینی هەموو ئەو گۆرانیانەی

لەژێر سوانەی

ماڵەکانی ئەویندا

نۆتەکانیان دادەگیرسێن

دێم

2008/1/24

# ئەدرەس

چیرۆکی شەرم و

دڵەڕاوکێی من

خەونێک بوو پایز پێمی بەخشی

بیرم دێ

سەمای نەسیم پێش سپێدە بە من دەگەیشت

نیگای کچۆڵەیەک

دەمخاتە ژێر نسێی ئاوێزانێک

دەمخاتە ژێر فوارەی زەردەخەنە

دەمبا دەمبا

بۆ لەبیر چوونەوەی شەرم

بیرم دێ ماچ

ڕۆشنتر

چرنۆکی دەگرت

دڵی دەکردمەوە

تا بێتە گۆ

زمانم

دڵی خۆش دەکردم بە ژان

دەیدا بە گوڵ ناونیشانم

2008/6/2

# پاشکۆی سێبەری سێوێك

دوێنێ دنكێ سێو بووم
به هێواشی لەودیو باخچەیەكدا ڕوام
باڵقبووەكان چێژ له نوستنی سێبەری سێو دەكەن
لەو ماڵی شین بوونو باڵابوونه
چڵێ له حەزم لەسەر گەڵایەكی گوشراو
سەمای دەكرد
نیگام له شەونمی كرۆژه كرۆژی جەستەمو
لەززەتی ماچێكدا مەلەی دەكرد
له نیشتمانی ئارەزو كرۆژەكرۆژی جەستەمو
سێبەری ڕاموسینێكی بەجێماودا
زەمەنم ڕۆشن ڕۆشن دادەگیرسا
ئاه.. له مینای ناو دەمتەوە
له خانەخانی بەش بەشی چەرموی زامەكانتەوە
پڕ به دڵ سەما دەكەم
ئێستا چڵێ چڵم .. له مەملەكەتی كەسێ
شیتاڵێ شیتاڵم كەسك دەبم بۆ كەنار دەریا
چەند برینێكم له قوڵایی سەوز بوون
چەند ماچێكم داوه به باران
لێره زامی كەسێ لێمدەگەڕێ تا بمچێنێ
له ناو دەمێكی نەوسن دا
چۆڕ چۆڕ بچۆڕێم بۆ وڵاتێكی سور
له سینگی سەر دەركەمو

دەبم بە جوتێ سوێسکەی کێوی

لە فەنتازیای هەستەکانیاماڵی دەبم

دەبم بە رامانی ئەوین

لە چاوانیا نقوم دەبم

لە................

# کۆتایی

لێرەوە کۆتایی هات
ساتەکان شکان
چاوەکان‌و شعورەکان‌و حەزەکان
وەک گەڵا هەڵوەرین
چرنوکەکانی منداڵی‌و
پیاسەکانی هەرزەیی‌و گەمەو هەناسەدانی پێش ئێستام
کۆتایی هات
دڵۆپێک لە شەهوەتی رەنگ نەماوە
بۆ گۆرانیەکانی تەمەن
روحێک لە هونەری یەزدان
چپەیەک لە هەناسەکانی شیعر
نەماوە بۆ سروشتی ئاسودەیی
گەڵای روح بەپێوە سرود دەڵی بۆ مردن
ئەشک‌و نازە ئاڵتونیەکانی سروشت
یاخی بوون لە من
ئەو وەختانە دڵم خۆش بوو
وام دەزانی
رووبارو کانی‌و باران
سۆزو غوربەتی سروشتن
بۆ ئەڤین رێژنە دەکەن دادەبارن
ئێستا ئەڤین لە وشکایی باران‌و
بزربوونی زەمین دەترسێ

ئەز ترسم هەیە لە مردن

ئەڤین لە روخانی گەمەی منداڵان دەترسێ

ئەز ترسم هەیە لە مانیفستۆی شتەکان

ئەڤین رەهەندی ئاوازەکان جێ دێڵێ

ئەز

لە ئەڤیندا شکستم خوارد

ئەم ماچانەو

ئەم هەناسەیە دەنوسم تەواو

کۆتایی هات

کۆتایی بە باران و

بەهارو

بیرەوەری و ئەندێشە هات

کۆتایی

بەمێردمنداڵی وشەکان و ئاوازەکانی خالق هات

ئەز حەزم لە خەوە خەوم نایە

حەزم لە مردنە

تروسکەیەك لە چاوانی نایە

کۆتایی

پەنجەکانم دەبەشخم بە سروشت

دیاری سروشتن پەنجەکانم بۆ وەفا

ئەوە پەنجەکانم بۆ تۆ ئەی وەفا

پەخشیان بکە

دانەیەکیان دیاری ئاو بێ
پەنجەیەکیان دیاری گوڵ
بە چرپە
گوێم لێ بوو دەنگی پێی ئاوی (سهراب)
تابلۆی رەنگ
روحی تەڕی چنارەکانی دەنەخشاند
گوێم لێ بوو
خوێنم بە دڵی (فروغ)دا دەچوو
گوڵی سور
سوری دەباراند

ئەم نیشتمانە چنراوی شەهیدبوونی نیگایەکە

هاوڕێم لای ئێوه نیشتمانی سێوەکان

تخوبی بەلێو تەنراوە، یان بە دانەکانی لەزەت

لای ئێوه نیشتمانی ماچ

تخوبی لە گوڵە، یان بەرائەتی دڵۆپەکان

حەز دەکەم لە گۆڕستانی سینگت

جەستەی شەهیدم جێ بێڵم

ئەوە وەسیەتی ئاوە بە منی گوت

پێم خۆشە لە بیابانی مەمکدا تینوم بێ تینو

تنۆکی حەزی هەرزەییم پێ بنۆشێ، ئەمە دەریا بە منی گوت

لە مەملەکەتی ئێوەدا، چ نیگایەک دڵۆپە شەهوەتەکانی پەخش دەکاتەو

قیامەت لە حەژمەتی دەتاسێ

لە پانتایی ئامێزی ئێوەدا

چ نسێیەک کێلە قنجەکانی تۆم پێ دەبەخشێ

بۆ گۆڕستانی ساتەکان

با لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکەین

وەلێ کۆلانەکان (بۆن) بوون بەستن

وێنەی (با)م لێ بزر دەکەن

دەمەوێ بێمەوە رەحمی دەریاو

لەوێ نەسیمو بۆنو با بکەمەوە هاوڕێ

یۆتۆپیا بە منی گوت

با کوانوەکانی سیاسەت بوروژێنمو

جەزبی هەموو ئەو حەرفانە بکەم کە زەمەنیان خاش کردووە

داگای ئەو ماچانە بکەم کە بێشەرمانە

سەفەری ئاویان لەبیر کردووە

هاوڕێ

تۆ رۆژەکانی فڕینت لەبیر ماوە

کە نەرمایی ئاسمانمان لە گەورەیی نقوم کردبوو

چاوشارکێی کۆڵانەکانی ئەوینت لەبیر ماوە

لەسەر جەستەیەکی روتدا

ئەسپێ پڕ بە گەرووی دەیحیلاند

برادەر

تۆ هیلاکی ئەو چرایەی دەمێکە دەسوتێ بیکوژێنەوە

کاتژمێرەکەت بشکێنە با بێ ئاگا بین و

چیتر چرکە چرکی نەتسوتێنێ

روناکایی ئیزن بدەوە بۆ خوا

با روناکی

چیتر لە غەرقبوونی ماچاندا

نەمانتۆرێنێ

# دەمەوێ لە ماڵی مەستیدا بمرم

ئەوەندە مەستم

هێندەی مژی کێوەکانی حەقیقەت

هێندەی سروشکی خواستەکانی باران

هێندەی فڕینی ئەوینی تاریکی

چەندە ئارەزوی مردنم

مردن

مردن پڕیەتی لە مەستی

پڕیەتی لە گوڵە مەستەکانی ژیان

چەندە حەزم لە ماچی کوڵمەکانی شەوەو

لە ئاوێزان بوونی تاریکیە

رومەتەکانی گۆرانی تا ئازار مەستیان لێ دەرژێ

خواستمە لە شەرابی پەنجەکانی شەو نوستنێک بنۆشم، خواستمە

ئەوەندە حەزم لە بارانی ئازارە

با لە باوەشیا تنۆک تنۆک خەو برژێنێ

گەلێ مەستم

تروسکەی چاوەکانی دایکم لەو مەستیە غەرق بوون

تاڵە سپیەکانی دایکم هێندەی ئەو مەترسیە راڤەم دەکەن

هێندەی فرمێسکەکانی دایکم مەستم

مەستترم لە بارمتەی حەرامزادەکانی سەر جادە

دەستە شێتەکانی خەیاڵ گوڵ ناشکێنن.. نا

هێندە مەستم

بارتەقای ئەو جیهانەی خوا قسەی تیا دەکات، مەستم

لە سەرخۆشی ئایەتەکانی تێر نابم
شێتی پەنجە میهرەبانەکانی خودام
حەزم لە مەستی قامكو جەستەو زمانیەتی
حەزم لە بڵاوبوونەوەی چرنوكو نەغمەی راستگۆی قسەکانیەتی
قسەیەکم لە سروشکی پەنجەکانی خودا
سورەتێکم لەسەرخۆشیو لە ئایەتو مەعریفەکانی خودا
درزێکی بچکۆلەم لە مەستی نیگا سەرخۆشەکانی
چەند جوانە خوا
هێندەی بێ ئاگایی خوڵقانی ئەم سروشتە جوانە
هێندەی ئاواڵەبونی خەونەکانم جوانە
هێندەی حیلەی پەیامو هێندەی کارێزی گوندەکەم جوانە
هێندەی ماچی چنارو گوڵە مەستەکانی چیا جوانە
حەزم لە مەستی بارانە
باران سروتی ئینجیلو پەیامەکانی تری خودایە
ئاسمان مەستیمان دەکات بە مۆسیقا
هێندەی ئەو مردنە مەستیم دەوێ
ئەوەندەی ئەو مەستیە مردنم دەوێ
لەم مەستیەدا خودا دەمکاتەوە بە شوشەیەکی مەستو جوان
ئەم شوشەیە مەستترم دەکات بۆ نیشتمان
ئاخ نیشتمان
پەخشم دەکات بۆ سەر زامەکانی چیاو
دەمرژێنی بۆ ئازارەکانی ئازادی

هێندەی رەها بوون لە ستەم مەستم

ها.. چەند مەستم لە ماچێکی بەجێماوی خودادا

مەستترم لە گۆرانی وتنی روبارەکانی ئارام بوون

ئارام بوون ئەستێرە پێدەکات بۆ مردن

بۆنێک نمایش دەکات بۆنی مەستی

ئارام بوون سەفەرێکی سورە

لە نەعنای ماچو راڤەی ریحانەکانی مەستیەوە هاتووە

لە جەنگەڵی گەڵادا پێدەکەنیٚو

بۆ شێتبوون لۆغانی گرتووە

ئای چەند مەستم

نە پایز سرودی من راڤە دەکات

نە سروشت

نە گوڵ عەشقم ئەزبەر دەکات نە رێژنە

کوانیٚ ورتە ورتی باران کوانیٚ

کوا زیکری شنەو فڕینی تێپەڕبوونی ماچو جەستە کوانیٚ

تۆ هێندە (ئاوس)ی بە وێنەی مەستی گۆڕستان (ئاوس)ی

هێندە پڕژانی بە ئەندازەی کولانەوەی ئازارو

لە گرێژەنەچوونی نیگاو باران

باران دەمشوات بە گوناهەوە

دەمکات بە گۆرانیو سرودی مەستەکان

باران دوا فرمێسکی پڕ (حەماسەی) یەزدانە

بۆیە تا دیٚ مەستتر دەبیٚ

باران جەستەو دوا پەیامی زمانی خوایە
بۆیە تا دێ تەڕتر دەبێ
باران ڕێژنەی گوڵە مەستەکانی دیدەی دایکمە
(تەقلی) جەستەو هۆشم دەبێ
ئاخ فەنابونی ڕۆح
ئازادی مەستترە یان ڕۆحێکی سەرگەردان‌و وێڵ
گوڵ مەستترە
یان سروشتی رمانی خەونەکان
ڕۆح مەملەکەتێ نەماوە نەگەڕێ بۆ مەستی
ڕۆح هێندەی خۆی نەمرەو بەدوای مەستیدا دەگەڕێ
ماڵەوماڵ دەکات تا دەستێکی بگاتە پەنجەی خودا
دەست دەبات بۆ وەنەوشە لاسک تەڕەکانی سەوسەن
ڕۆح سەنگینترین مانیفستۆیە بۆ بزۆزی
وێراوترین وەسیەتە بۆ جاویدانی
من دەمەوێ مەست مەست بم
دەمەوێ دوور بم لە ڕۆح
ناخم مەست بێ‌و مەستی دەکاتە پەنجەرەوە
چزیلکی ڕوانین دەڕوێنێ
بۆیە دەمەوێ
لە ماڵی مەستیدا بمرم

# جوانیەکان گەڕانەوە بۆ سروشت

هاتی
وەك بروسكە زەردەخەنەو
راموسینی مەوسیمت نوسی
وەك باران رژایە ناو جیلوەی خەونەكانو
لە ئازاردا حەزت بەخشی
هاتی چڵێكت لە ریحان دایە فڕینو
پڕ پڕ بوی لە ماڵی ئاسمان
هاتی رەنگی ئاوێزەت پۆشی
سروش ئۆخژنی شیعری راتەكاند
گویْ لیْ بوو
رەز ئاوێتەی گۆرانی بوو
كانی غەرقی پێكەنین بوو
گوێم لە ترپە ترپی
دڵی باخچەو سرودی خۆرو
راچەنینی سپێدە بوو
تكا دەكەم
مەرزی ئەوینم مەكێشەو
فڕینی حەزم زیز مەكەو
گەڵای روحم مەوەرێنە
مەرۆ گوڵ دەیەوێت ببێت بە مۆسیقا
بروسكە دەیەوێت ببێت بە رۆح
باران دێتەوە بۆ ناو درەخت

مەڕۆ دەزانم دوای وەرینم
هەموو شتەکان
هێدی هێدی
بۆ مەرگی خۆیان دەسوتێن
مەڕۆ هەست دەکەم ئەوینم
لە باڵندە دەچێ
هەست دەکەم لە رامانو لەکەوشەنی
راموسینی ماچو دوا پەیڤینی باران دەچی
هەست دەکەم لە ئاوازی رەزو
لە دوایەمین پێکەنینی مەسیح دەچێ
هەست دەکەم
لە شۆڕشو نیگای کچۆڵەیەکی عاشق دەچێ
هەست دەکەم
لە مەوسیمی وەرزێکی پڕ ژانو
ئاسودەیی ئاسمان دەچی
هەست دەکەم
لە بارینی تریفەو
هەنسکو ترپە ترپی دڵی ئازادی دەچێ
مەڕۆ
مەملەکەتی رۆحە سپی یەکان جێ مەهێڵە
رۆشنی دڵی پایزو
کاروانی ئاوازەکان گوێ لێ بگرەو

سپێدەی گوڵ جێ مەهێڵە

ئێرە هەوێنی نەسیمو پێکەنینی دڵی گیایە

ئێرەماڵی

مرونەتو

چریکەو نوسینەوەی یاداشتەکانی تاڵی یە

ئێرە چەمەرەی ڕۆحو

چنینی قەسیدە ئاویەکانی دەریاو

دوا تروسکەی شۆڕە بی یە

# دڵم هێشتا هەر منداڵ بوو

ئەی دۆست
وەرە دەستم بگرە
بمبەرە
ناو شۆڕشی راموسینەوە
لەویَ دەفی روحو
زەنگی درێژبوونەوەی
تەمەن لیَ دەدریَ
چونکە دڵم
دەچوە ژێر رەهێڵەی بارانەوە
هێشتا سرودی ئەی رەقیب نەنوسرابوو
دڵم
بوو بە پێشمەرگە
هزرم
ساوابوو
خەونی سەیر سەیری دەدی
باخچەیەك
گەڵاكانی سرودو گۆرانی دەركردبوو
بەفر ئاوازی خۆرو رۆحی
پرتەقاڵی لە باوەش بوو
دڵم هێشتا هەر منداڵ بوو
خومار مەستو ئازا
عەشقی

نیشتمان‌و

ریحان بوو

یادەوەری دڵم

دەچێتەوە بۆ رۆمانی دایك

پاڤێڵئاسا

تەڤلی رەنجدەران‌و هەنگاو نان بوو

لەبیرمە

دڵم شەوە تاریکەکانی

دەبریسکاندەوە

چەند سەیرە

دڵم هەر دێت زیاتر

هۆگری شانۆ دەبێ

دەچێـ بۆ شانۆی شکسپیر

دەوری ئوتیلۆ دەبینێ

چەند وشتە دڵم

دەبێ بە گیڤاراو

سنورەکان دەبەزێنێ

هێشتا مندالْ بوو دڵم

ئەڤینداری چیاو دوندو کێوەکانی نیشتمان بوو

ئاوێنەیەکی لە دەستدا بوو

نیگای وێردی دەریا دەکرد

ئەی دۆست

بۆ حزوری نیگاکانت نارژێنی
به بەهاری سەوزی هەتیوانی خۆی
بۆچی چرنوك لە جەستەی
سرپونی نیشتمان نادەی
تا وێنەیەك نیشانی
خۆرەتاو بدەی
وەرە وێنەیەك بگرە
بیدە لە دیواری مزگەوتەکان
بیخەرە
ناو ریکلامی رادیۆکان
بیدە لە شاشەی
خەون‌و ئایدیای
خوێندکارانی زانکۆ
بیدە لە سوچی دوکانێکی سەتاو
وێنەیەکی رەش‌و سپیم بگرە
بیدە
لە رەفەی کتێبخانەی گشتی
تاپیم بکە بە چاپە شکاوەکەی
شۆرش
کۆمکەرەوە
لە نامیلکەیەکی دەستنوسدا
لە یەکێك

لە رۆژنامەکاندا
پەخشم بکە
دڵم هێشتا هەر منداڵ بوو
پەنجەی
برد بۆ لۆژیکی چەکو
دای لە سینگی تاریکی
گوێ بگرە ئەی دۆستی ئازیز
ئەو دڵەی بوو
چرای پێکرد
ئەو دڵەی بوو
جارێکی تر
رۆحی خستۆتە ناو
جەستەی ولآت
ئەو دڵەی بوو
نە سڵی دەکردەوە لە برین
نە ئازاری دەناسیو
ئازاری هەستانی خوڵقاند

# گۆرانیەك بۆ گەلا

زەمەن داغانی کردووم

دەترسم لە عەشقدا بشکێم

دەترسم نەگەمە سەر وێردی دایکمو

پاییزێکیش نەمنوسێتەوە بۆ خۆی

من لە ئەزەلەوە حەزم لە راموسینی بارانو

لۆغانی کەرنەڤاڵی بەفر بوو

لە دڵەوە دەرژامە ناو نیگا بزۆزەکانی مانگو

پێکێ

لە ئەشکی شەوەکانم هەڵدەدا

چیرۆکی ئاوازو

شیعری مەستبوونم دەخوێندەوە

نەگەیشتم چی بکەم

هەراسانە

لە باخ

لە زانکۆ

لە رەزی ئەو مێوانەی دەچونە باوەشی

هەناسەو

بە حەوسەلەیەکی جوانەوە

خەمی نیشتمانیان راڤە دەکرد

هاتوم بۆ تۆزێک تریفەو

بۆ تۆزقاڵێک گوێگرتن

بۆ هەندێک لە زەردەخەنەی سەرخۆشی

هاتوم بۆ ماچێک

بۆ ئاوابوونی روحی تەزیوم

بۆ گۆرانی وتن بۆ گەلاّ

بۆ وەلاّمێک

لە رەنگی پایز

# وەرزەکانی تەمەن

بەهار بێ گوناحی باخچە
لە ئامێزی شەونمدا خەوتوە
باران
سەفەر دەکات بۆ مەنزڵی
راموسان
تەڕبوون
زەمەنێکە بەدوای فرمێسکەکانیدا دەگەڕێ
هاوین چرکەیەکە بۆ جوڵەو
بۆ پێشوازی تابلۆکانی حەزین
وەستاین بۆ پشوی ئەو زامانەی
کە لە گریان ناکەون
پایز کۆم دەبێتەوە لە عەشق
دوای گوناهێکی پیر سرودی
وەڕسی دەڵێین
خەمێکەو بۆ ئەو ماچانەی
لە هەرزەییدا بەفیرۆ چوون
لە سەفەری زەمەندا ختکان
زستان کوێستانێکە بۆ مەرگ
سڕبوونە لە سوتانی وەرزەکان
ئاخ بۆ ئەو سوتانەی
تا پیری هەستمان بە ئازارەکانی نەکرد

# کڕنۆش

فرمێسکت لەتم دەکات لە خەندە
دوورم دەخاتەوە لە سروشت
پارچەیەک سروش بووم لە سروشی بزەی لێوت
ڕێگەم بدە
لەنێو ڕەنوی زەردەخەنەی دوێنێی ژوان ئاوێزان بم
لە مابەینی ژوانی ماچی لێوەکانتا
سرودێک بۆ ڕەهابوونی تۆ بڵێم
بەشێکی چکۆلەی ئەم سروشتە پەنا دەم
بۆ خۆم
خواستمە لەگەڵ هەناسەکانی ژواندا
لەگەڵ چریکەی سپێدەی ماچو
لەگەڵ هەنسکی باراندا گۆرانی بڵێم
گەر گوێم لە گریانی چەپکی نێرگزی دەستی تۆو
قرچە قرچی سوتانی باخچە بێ
جیا لە عەدەم پەنا بۆچی بەرم
نامەوێ لە عەشق دوور کەومەوە
نامەوێ پێ بنێم بە ئاوی کانیلەیەکی بنار
ئەوان دەڕژێن دەڕژێن
دەخزێنە ناو شیعرێکی شین شین
پڕاوپڕ لە ڕەنگی دەریا
لێواو لێو لە عیشق
ماڵێک دەکەن لە بۆنی گیا
فرمێسک جیام دەکاتەوە لە باران و
بارانیش مینبەرێکە بۆ کڕنوش بردنم
خۆت دەزانی
عومری منیش نوێژێکی چکۆلەیە بۆ تۆ

# قەسیدە ئاویەکانی نوح

پەیڤەکانی نوح

بوون بە رەنویەکی پرت پەرت‌و

چوزەرەیەکم لە ماچیان کردەوە

من‌و نەورەسەکانی ئاشنابوون

سرودمان بە هەدەر چوو

لە ئەندێشە قوڵەکانی زەمەن

ئەوەتا

لە نسێی هەر رەزێکدا دەخەوم

رۆیشتنی نیگاکانم دێتە خەو

بەرێنتکە مەستەکانی هەوەس‌و

دیدە خەواڵوەکانی لەزەت‌و

سەحەری ماچەوە خەو دەبینم

ئەوەتا

جنۆکەکانی هەوەس

لەژێر گۆرانیەکی رەوەزو

مەستی گوڵەکانی ژێر پەنجەرەدان

ماڵئاواییم لێ ناکەن جێم ناهێڵن

دوای ئاوابوونی خۆر

سەمیمی مریەم‌و فروغ‌و چڵێسی حەوا

لە ئامێز دەگرن

لە قەسیدە ئاویەکانی نوح

تنۆك تنۆك
بۆ پاساریەکانی گوندو
بۆ کەناریەکانیماڵئاوایی‌و
بۆ سەفەری ماسیە قاچاغەکانی کەنارو
گوڵە سیسببوەکانی عەدەم ئاو دەڕژێت
لە دیدە رۆمانسیەکانم دا
لەگەڵ شەپۆلەکانی رەزو
نیگا بزۆزەکانی کۆترو
رەنگە ئاویەکانی باڵق بوون
گوێ لە چۆڕە چۆڕی
نازو سروشکی حوزنم دەگرم
بەسەر نواو نەرمی گوڵەکاندا سەفەر دەکا
گوێ دەگرم
لەو بەفرەی لە تاشە بەردەکانی
ژواندا جێ ماون
گوێ دەگرم
لە نیگای ئەو سێوانەی
لە رامانی حەوادا شەهید کراون
رادەتینم لە فەرشانەی
بۆ کچێنی فروغ‌و مریەم راخرابوون
گوێ دەگرم

له دان پیانانی کەژاڵو

مەستان مەستان

له باوەشی دڵۆپی

بەجێماوی عەشق دەمرم

ئەوجا دەمرم

تا گوێ بگرم

# چركەيەك بەر لە هەموومان بە نيشتمان گەيشت

تا گوێم لە چریکە نەبوو

نەچومە سەر خوێندنەوەی وشەکانی مەست بوون

تا گوێم

لە زەنگی روانی چنورو هەڵهەڵەی رێواسەکانی شاخ نەبوو

نەگەیشتمە سەر بانێژەی شیعر

تا گوێم

لە چرپنی گۆرانی دڵی پایز نەبوو

روحم دەرگاکانی داخستبوو

گوڵەکەم ئەوە گۆڤەندی رەنگ‌و ترپەو سروشکی مەیخانەیە

ئەوە روحێکی سپی وەک بەیان

لە زەمەندا جێگەی هەیە

ئەو کوانوی زستانێکی تەزیوو

وشەی رەنگ‌و دوا سرودی ئاوێزەیە

گوڵم

گوێم لێ بوو

لە چریکەدا شیعر فڕی

گوێم لێ بوو لە چریکەدا

زەمەن سمبولی هەڵچنی

چاوم لێ بوو

لە چریکەدا سوێندێک

بۆ پیرۆزی نیشتمان چۆکی دادا لە زەوی

# سپیبوونی زەمەن و سرودێك دوای عاشق بوون

ڕەنگە دوور بکەویەوە لێم بە چڕژاویو
ڕەنگ پەڕیوی ماچە شێدارەکانی باران دەزانم
کە توڕەیو جێم دەهێڵی
بە گریانی زەمەنەکانی ژوانو دڵی درەخت دەزانم
کە دەڕۆیو مەملەکەتی روحی سپیم جێ دێڵی
بە قاقای سروشکە وەریوەکانی گوڵە باخو
نیگا خنکاوی باخچەوە دەزانم
کە عاجزی
ئەی سپیترین ڕۆح
بۆچی خۆتو منیش دەخەیتە
ژێر لێزمەی مردنەوە
پێم بڵێی بۆچی ڕستەیە لەو (ئاماژانە)
کۆ ناکەیتەوە بۆ دیاری
بۆ ژوان ناچنیەوەو نایکەیتە شیعرێکو
نایدەیتەوە بە بلاوکراوەکانی فرمێسک
دەزانم
دەزانم
تا پیر نەبین نابین بە پیری موغان
تا پیر نەبین ناچینەوە ماڵی عەشق
گوڵە وەریوەکەی ڕۆحم
دەزانی من چەند عاشق بووم
چەندە شێت بووم

چەندە ئازاو پڕ ئەوین بووم
ئێستا پیر نیم بۆیە عاشق نیم
تا ماندو نەبین نابین بە مورید
نابین بە سۆفی ڕێگای تەقواو
سروتەکانی خوداش پێنازانین
وەرە چیتر هەرزانم مەکە
مەمدەرە دەست
رەنگە ئاڵتونیەکانی هەرزەیی
چیتر لق‌و پۆپی درەختی دڵم مەشکێنە
با پیر بم بۆ عاشق بوون
با پیر بم
چی تر تورە مەبە
چونکە رەنگی سپیت بزر دەبێ
پیری رومان تێناکا
وەک (ئاوێنە شکاوەکەی ئێوارە) باڵ دەگرێ‌و
لەرەی فەنابونمان جێ دێڵێ.

# ئێستاش بەدوای تۆدا دەگەڕێم

ئەم شەو بێ چرپە کەوتیە سەر رۆحی غەریبم
بێدەنگ بێدەنگ
بەربویتەوە ناو هزرم
خزی بە ئەسپایی
رەنگی وەرزێکت لەبەر کرد
هیچ ساتێکی بە ساتەکانی زەمەن نەدەچوو
نەغمەیەکت پێ بوو
پڕ بە گوێچکەی بارین بوو
نەرم نەرم هاتیە خوارەوە
فڕینی چێژێکی ئۆخژنیت بەخشی
هاتی بەربویتەوە سەر دڵم
ئێستا دڵم جمەی دێ لە خۆشی
چەندە ئاوێزەی
رەنگت هێندەی رەنگی خودا جوانە
هەناسەت هێندەی سروتی ئێوارە جوانە
پەیڤت هێندەی بروسکەی خۆر
پڕ رەنگە
هاتی چڵێکت بەردایەوە لە عیشق
تەژی بوو لە راموسین
پڕ پڕ بوو لە حەنین
لێوانلێو بوو لە سروش
هاتی هێواش هێواش

هەنیەی هێوربوونەوەت هێنا

چرکەیەکت دانا بۆ مەستی

پێکێکت خستە سەر لێوم

تا بۆ هەتایە سەرخۆش بم

چەپکێکت دایە هەناسەم

تا ئاوێزانی عەشق بم

بێ چرپە بەربویتەوە ناو روحم

ئەوەتا حەزم لە روحی ئاودا رۆچووە

لەگەڵای وەرزێکی عاشقدا

شایی دەکا

بەدوای ساتێکی تۆدا دەگەڕێ

ئەو ساتانەی بێ من دەژیای

# هێشویەك لە پەیڤ

جەنگ

لە جەنگی رامانی

گوڵو دەستدا

هەناسەو گەڵاکانی گوڵ وشک بوون

دەست زاڵمانە

رەنگەکانی رەشکردنەوە

بۆنەکانی خاشکردن

رەگەکانی تاهەتایە دیل کردن

(چاو خۆر)

دایەلۆگی سرکترین ئاسکو

تروسکەی نیگاکانی هەتاوە

هەتاو لە چاویدا

ماڵێکی ئاوەدانی پەنادا

چاو لە ئاوێنەی ماچەکانی بروسکەدا

قسەکانی بون بە ست بون

(مرۆڤو گۆشت)

دانەکانی مرۆڤ

بێ پەروان

گۆشت بێگوناه دادەپاچن

مرۆڤ بێ ئەحساسە

هەموو شتەکانی سروشت دەکاتە پێخۆری خۆی

جیا لە ویژدان

هەموو سیفاتەکانی دڕندەیی تێدایە

کێ لە مرۆڤ عاقڵترە زەوی

کێ لە مرۆڤ دڕندە ترە عەقڵ

کێ لە مرۆڤ نەوسنترە زەوی

خاک وەک مرۆڤ

حەزی لە کوشتنی ئەحساسە

حەزی لە سوژدەی شۆڕەبیەکانە

زەوی یەکسانمان دەکات لەگەڵ خۆی

(خەونی گەڵا)

گەڵا ویستی ببێ بە گۆرانی ڕەنگەکان

ویستی سەفەری چاوەکان بەرێتەوە بۆ بەهەشت

گەڵا خەونی ڕەنگەکانی خستبوە ناو یاداشتەوە

ویستی پەڕینەوەی نیگایەک

بکات بە ناونیشانی شیعرێک

(ئاسمان) هەموو ئەستێرەکان

شەوانە گۆرانی دەڵێن بۆ ڕۆح

کەچی نە هەناسەکانی زەوی

نە روحە بزۆزەکانی زەوی

چڵی زەیتون نابەخشنە ئاسمان

(بەفر)

هەر لەو رەنگە دەچێ

تا ئێستا ماچێکی نەکردوە لە ئاگر

ساتێکیش نەماوەتەوە لای ئاو

لەو تروسەیە دەچێ

لە شەرمان گاڤێکی نەناوە بۆ ژوان

بەفر پێکەنینێکی ساردو سڕە

لەسەر مژۆڵی کچێک دەبێت بە ئاو

(باران)

حەژمەتی هەناسەکانی پایز

رێگای غەریبی گرتوە

روحی گەریلایەکی کچە

گەلاَ لە باوەشی خەوتوە

(عەشق)

لاربوونەوەی زەمەنێکە

هەناوەکانی پڕ کرد لە گوڵ

ناخێکی سرکو یاخیە

ئاهێکی داوە بە دڵ

(سێو)

لەژێر باڵی پەرەسێلکەیەک

چاوەکانی هەڵێناوە

توحفەیەکە لە چێژی ماچ

سروتێكە لە رۆح جێماوە

(كلتور)

سێبەرێكە بەهێز تر

لە روانینی چاوە شێتەكانی كوشتن

زمانی لە چاخەكانی بەردین دەچێ

پڕپەتی لە پەیڤی داخراو

(زەمەن)

سروتێكە لە فانتازیای روحە گریاوەكانی سروشت

برینێكە لە چاوە جێماوەكانی یادەوەری

ئەو ساتەیە كە جێدەمێنێ لە عەشق

(سرود)

ولاتێكی زام ئامێزە

تەژیە لە رۆحی بڵند بڵند

بەستەیەكی زمان ئاسمانو

سرودێكە لە سرود

(نیشتمان)

خەونو ئاخێكی خودا بوو

زەخرەفەی نیشتمانی كێشا

ئایدیای شاعیرێكی شێت بوو

یاخی بوونی دایە رەنجدەران

سروشتی بەخشی بە نیشتمان

(گەڵا)

سرودی ڕەزو

مەستی خەمەکانی ڕەگ‌و

ئاوازی حەزینی باخچەیە

(هەنار)

مانیفستۆی ڕەنگ‌و نسێی برینەکانە

حیکایەتێکی مێ خۆشە

لە دەرونیا شیعرێک سیمبولی عەشقەکانە

ئێشی ژنان‌و

شەرمنی چێژو

دڵۆپێکە لە هەناوی ئاو

(ڕامان)

ئەستێرەیەک پڕپەتی لە بارین

دواهەمین دڵۆپی ڕامانە

چاوێک چکۆڵەی هزرەو

فرمێسکێکە هەمیشە دەسوتێ

ڕۆمانێکی عاشقەو

باخچەی هۆزان‌و گریانە

(باڵا)

لە گلێنەی ڕوناهیەوە

سرودێکە بۆ پێشەوا قازی دێ

ئەستێرەیەک
گەڵاو هەنارو رامانو
نیشتمانیش بۆ زەمەنی ئەم سێدارەیە دەخشێ
(ماچ)
بە ئاوازێک داپۆشراوە
هەر لە چڕینی نەغمەو فتواکانی نالی دەچێ
لە سلاوی پایز لە گەڵاو
لە رنینی نیگاکانی زامدار دەچێ
ماچ
سپێدە باشی ئەڤینە
رومەتی سەحەر تەڕ دەکا
ماچ
گوارەیەکی شێعری گۆرانە
بۆ ئاوێتەبوون نوسراوە
سروشت بە ماچ بالا دەکا
(بەردو سەرکردە)
بەردو سەرکردە لە تریفەیەک دەچون
لە سەنگەردا
لە برینێک دەچوو بەرد
مەست بوو لە عەشقدا
لە خوێنی شەهیدێک دەچوو سەرکردە

که هەستی ئەو پەیام‌و مینبەری ئازادی بوو

بۆیە (بەرد لەجێی خۆی بە سەنگە)

سەرکردە بێ نیشتمان سەربازێکی ترسنۆک‌و

خەوێکی غەفڵەت‌و

ئاوێزەیەکی بێ رەنگە

(هەناسە)

سروشکی بەردێکی شکاوە

لە قڵشی روحیەوە دێتە بون

پەیڤێکی زولاڵی شیعرە

لە ئەوینی نیشتمان

نیگایەکی پڕ تینە لە سۆمای باخچەوە هاتوە

(باخچە)

سرودی نەوتراوەی بارینە

پانتایی رۆح پەنا دەدا

دوا تنۆکی پاشماوەی کەشتیەکەی نوحەو

بۆ دەریامان ئاشنا دەکا

(گوڵ)

رەوەزی ئەو ماچانەیە

کە پەپولە بەخشی بە باخچە

لە باخچەوە

ئێوارەیەک

بوو بە گوڵ

(چڕنوک)

هوروژمی پێکهاتەکانی جەستەیە

دەیەوێ ڕۆح باڵا بکا

یادێکە لە ئەوین جێماوە

دەیەوێ هەناسە بێتە ژوان

(خاک)

هەرچی خودا دروستی کردووە

ئاوێزانی باوەشی بێ

ئاوو گەڵاو گوڵ

جەستەی پەپولەو مێروو

ئەحساس و هەستی مرۆڤ

لە ڕۆحی ئەودا جێماوە

(مانگ)

مانگ وڵاتێکی پەنا داوە

تەنهاو تەنها لە باوەشی گوڵێکدایە

نە باران

نە بەفر

نە هەناسەی پەیامبەران

نە پەرتوک و قەسیدەی شاعیران

نە مەزراو جوتێرو چەوساوەکان

نه شۆڕش‌و نه گیڤارا

نه پەیامی پیاوە دڵ ڕەشەکان

نه قاچاخچێتی تلیاک‌و

نه نامەو ئیمەیڵی ئەویندارانی زانکۆ

نه چاوشارکێی عاشقانی گوندو

نه زەرقاوی‌و

تەنها خۆی بۆنی ئەو گوڵە دەکات

بۆیە مانگ عەیامێکە

لە جوانیدا نقوم بووە

2005

# شکان

کارەسات
دڵ دەگوشیٚو وشك وشکی دەکات
ئەنجن ئەنجنی دەکا
کارەسات
روح دەگوشیٚ
تا هەتایە نۆتەی مەرگ دەچڕێنیٚ
کارەسات تەڵیسمێکە
گیانمان سەراپا دەکا بە بەرد
ناهێڵیٚ بۆنی خاك بکەم
ریٚگا دەگریٚ
چاوم جێبهێڵم بۆ باخچە
گەمەو حەزی منداڵان ون دەکا
ماچو زراڤی چنار
وێڵی جەنگ‌و
فیٚری خەزان‌و وەرینی رۆح دەکا
کارەسات
پەنجەرە دادەخات
لە باران
ریٚگە نادات سڵاو لە رۆحی ماندوو بکات
کلوی بەفر
زیندانی دەکات لە ئاسمان
دڵانی زیندوو دەکوژیٚ
زەمەن وێردی گەڵا دەکات
22/1/2006

# نیگا

ئەوە نیە

پەنجەکانی باران

ئاوی سەوزو

گەڵا تەڕەکانی هێواش هێواش

دەبارێنێ

چاوە ئاوسەکانی کانیش

تا خۆر هەڵاتن

تیشکەکانی دەبەخشێتە نیشتمان

ئەوە دڵیشم

وەرینی ترپەکانی دەبەخشێ

بە تۆ

سینگیشم

هەناسە توڕەکانی دەداتە بەفرو

سرودی تەژی بوونی

رۆح دەخوێنێ

تۆش

ماڵئاوا

نیگای خەواڵوت بڕژێنە

با سروشتی نیشتمانم

لە چاوتدا وێنەی گەشی

خۆی بنوێنێ


وێنە

وێرا

دەست بەرێ بۆ ئاوێنە

وێرا

دڵۆپ دڵۆپ

بچێتە سەر روخساری پایز

وێرا رۆحی لە تابلۆی خەزاندا

نقوم بکا

وێرا

سرودی نهێنیەکانی ئاو بڵێ

وێرا

تەوقە لەگەڵ مردن بکاو بڵێ

خۆشم دەوێی

وێرا زەمەن

وێڵی شکانو وەرین بکا

نەوێرا لە چێژی ماچ

بێ دەنگ بێو

غەرق

بوونی بیر بچێتەوە

29/3

# زراڤ

وەختێک بەراوردێک
لەنێوان تۆو چیا دەکەم
دەگەمە دوا ترۆپکی چیاو دەڕوانم
تێدەگەم لێرەمو
نەگەیشتوم بە باڵای زراڤو رۆحی خۆرەتاوت
نەگەیشتومە
بەردەم پەنجەرەی ماڵی عەشق
چەند پیرۆزە روحت
هێندە گەورەو مەزنە ناوت
کوا دەگەم
بە حەوسەلەو نەرمی نیگاو
تروسکەی بەجێماوی چاوت
30/3/2006

# دڵم گۆرانی دەڵێ

دڵم پشو نادا چی بکەم
بەردەوام دەست دەبات
بۆ حەزینی موتفەڕکەکان
دەچێت
پەنجەکانی دەخاتە ناو جیابوونەوەی
گوڵ‌و زەریا
دەچێت
دادەگیرسێ
بۆ خەمی یاداشتە کۆنەکان
دڵم خەراباتو
رەنگی پەژموردەی پۆشیوە
تکا دەکا
ببێت بە رێژنە
بە رەنوی رەوەزەکانی چیا
دڵم گۆرانی دەڵێ‌و
ئاواز دەکاتە پریاسکەو
چاوی زامەکان مەست دەکا
دەچەمێتەوە
بۆ دڵۆپ دڵۆپ
ئاونگی دڵی شکاوی پاییز
لە باوەشی گەڵادا

دڵم دڵی خۆی رادەخا
دوێنێ دڵم گۆرانی دەوت
بۆ بارین و
بۆ سپیەتی و
بۆ نەرم و نیانی بەفر
گەمەی دەکرد بەو دلاٚنەی
وێڵی زرینگانوەی نوستن بوون
ئێستا مەست بووم
دەزانم ناگەم بە نوستن
خەون نابینم
پێدەکەنم بە خۆم
بۆ بیرم ناکەوێتەوە گۆرانی
بۆ نازانم شیعر بنوسم
بۆ عاشق نیم
دڵم دوێنێ پێدەکەنی
سەمای دەکرد
بۆ دەریا
تا کڵوکەکانی دەریا بزێن
تا ئاوازەکانی شەپۆل عاشق بن
تا ماسیە عازەبەکان و
بوکی دەریا لە مەوسیمی راموسینە سەفەر بکەن

هێندە گریانم دێ

کە نازانم ئاوازی شەپۆلو

دوا دڵۆپی ماڵئاوایی باران بخوێنم

کە ناتوانم عاشق بمو سەفەر بکەم

دوێنێ دڵم

ورد ورد

دەخزیە ناو باران

نگیاکانی پەنجەرەبوون بۆ رێژنە

هێندەی نەمابوو ببێ بە هەورو

هارژنی بروسکەکانی

زەوی سەراپا بلەرزێنێو

هەموو نیشتمانەکان جوان بکات

باخچەکان بکاتە ماڵی رەنگەکان

ماچ بنێرێ بۆ دەریا

جۆگەلەکان ئاوس بکات

ئێستا دڵم دەشکێ چی بکەم

ناتوانم هەنگاو هەڵێنم

کون کون بووە سۆمام نیگام دەسوتێیو زەوی تورەیە لێم

نیشتمانەکان بچوک بچوک

وەک خەون لەبار دەچن

سەیرە بۆچی دڵەکان دەمرن

بۆچی خەون

وەك جاران تخوبەكان خاش ناكات

بۆ مرۆڤو

دەریاو

هەورو

بەفرو نیشتمان بە یەكەوە یاداشت ناكەن

ئەو وەخت دڵم

پڕ پڕ بو لە تریفە

دەریا پڕ پڕ بوو لە عاتیفە

بەفر ئاوسابوو لە نیشتمان

نیشتمان پڕ پڕبوو لە گۆرانی

11/4/2008

# چیتر ناتوانم وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە

ئەم پرسیارانە چیتر
مەخەرە بەر دەستی من
من دەرەقەتی هەمویان نایەم
زەخرەفەی
چوارچێوەی وشەکان نازانم
وێنە بکەم
لە باڵندەی هەناسە رادەمێنمو
تێر تێر دەگریم
لە منداڵی زەردەخەنەیەك رادەمێنم
تێر تێر
دەگریم
من لەگەڵ تۆدا
دێم بۆ سەر حەوزی
یادەوەریەکانت
پێم بڵێ
چاوە کاڵەکانی ئاوو
قسە نەرمەکانی
بڵقی هەناسەکانی حەوزو
تورەبونی
زوێروەکانی کانیو
لیکی بەجێماوی باپیرەوە
چاوداگرتنی بۆقە زیتەڵەکەی کارێزو

شڵپە شڵپی
پاک کردنەوە
جەستە شەیتانیەکان و
هەموویانم پێ بڵێ
وێنەی هەموویانم بۆ بکێشە
وەڵامم بدرەوە
ناتوانم چیتر
بەدوای رۆمانسیەتی
پر پرەو
گێلاس و
نەعنای باخچەکاندا گوزەر بکەم
ناتوانم
گوێ لە چەپڵەی
گەڵای سپیدارە پایز نەدیوەکان و
سەرخۆشی
شۆڕەبیەکانی قەراغ دەریاو
پێکەنینی شەپۆلەکانی بگرم

# بروسکەیەك

هەناسەیەک پێم دەڵێ

دەڕژێم

دێم دەبم

بە ئاوازی پیاسەکانی پەپولەو

دەبم بە گۆرانی یەکانی باخچەو

دێم دەبم بە دڵداری هەموو دڵەکان

دەرگاکانتان پێوە مەدەن

پەیامێک لە قوڵیی دەریاوە

لە ژێر لێوی ماچو

لە ناخی بروسکەی راموسینو

لەبەر بەرۆچکەو ماڵی خوداوە دێت

هەناسەیەک ووتی

هاتووم دەمەوێ بڕۆیم

(بۆنم) هەزاران ماچی لێ سەوز بێ

رەنگم ئاشنای رەنگەکانی چاویدیو

ئاوێتەی گوڵەکانی بەهەشت بێ

ووتی دێم

دێم ئەمجارەیان

دڵی پایزو گەڵی درەختەکان

ئاشت دەکەمەوە

ئەم جارەیان

لە ماڵو

لە نیگاو

لە دەفتەرو

لە یاداشتی هەموتاندا دەڕۆیم

بۆ ڕەها بوون

تا هەتایە دادەگیرسێم

10/8/2006

# چ زەمەنێك عەشق کەسی دەرکردووە

هیچ کات عەشق کەس دەرناکات
نە لە رەنگ
نە لە سروشتو
نە لە کەسیش تورە دەبێ
رەنگی عەشق
هەر لە سێبەری سروش دەچێ
هەر لە شیعرو لە پەنجەمۆری ماچو
لە دەستگوشینی رۆح دەچێ
هەمیشە دوگمەکانی عەشق کراوەن
دەرگاو پەنجەرەو سنوری نیە
کەس
سنورداش ناکاتەوە
کەس ئازار نادات
دڵی کەس ناشکێنێ
هیچ کات دەرگای دانەخستوە
بەڵام بۆ
لە ئاستی بینینی من
چاوەکانت دادەخەی
بۆ نازانی
من لەنێو سۆماکانت

بەرماڵێکم

بۆ نوێژکردنی نیگایەکت

بە رۆحی خۆم راخستوە

وەک سیمبولێکی جاویدی

رەنگم رەنگی تۆی گرتوە

1/5/2007

# پێکەنین بە یاسا

ئەو وەختەی فڕین

سرودی ڕەهابونی خوێند

بچوکترین کینە لە ماڵ نەبوو

دڵی حەزیش بروسکەی سەفەرەکانی (تاڤی) بوو

ڕەنگە ئەمجارەیان

وروژانی ڕۆیشتن‌و

دڵەڕاوکێی فڕین بێ

چونکە نیشتمان پڕ بووە لە رق

ئاو ساوە لە رامانی خۆ کوشتن

جمەی دێ لە درۆ

گەر هات

سەفەرەکانی ئۆخژنی دوا دەخەین

راموسین‌و

چێژی (پیری) فڕێ دەدەین

دەچینەوە ناو سەمبولی هەرزەیی

لەوێ قاقا پێدەکەنین بە سروشت

چونکە بۆن‌و لەزەتی میوەکان

ژەهری کوشندەن

ڕەنگەکانی ئاوێزە

ڕەنگی مردنن

شنەی
باخچەو
گۆرانی گەلاْکان
پرپرن لە جنێو
ناچین بۆ دیداری رۆیشتن
بۆ پاڕانەوەو
ژوانی تەسلیم بوون
ناچین بۆ ئاسودەیی
دەچین بۆ شەڕکرین
بۆ سواربونی شەمەندەفەری رووبەڕوو
ئەوە هاتنی بۆ لات ئەی نیشتمان
ئەی تخوبی بەخوێن شەلاڵ
ئەی سەنگەری پڕ برین
ئەی خەونی سەوزی نەتەوە
ئەو وەختەی ماچ
گزنگی دایە پایز نم نم
شنەی فێنکی بەخشیە نیشتمان
باخچە لە زیکری نوێبوونەوە دابوو
نیەت
نیەتی وەرین نەبو

ئاماژەکانیش پڕ بە سیەکانی بارین بوون
بەڵام ئەمجارەیان
تەوژمی لەناوچونی
ئامێزو
خنکاندنی ماچە
فرمێسکی خەنی بوون فڕێ دەدەین‌و
دەچینەوە ناو دروشمەکانی گۆرانی‌و
لەوێ قاقا پێدەکەنین
بە یاسا
25/10/2007

# با پەنجەرەیەك بکەینەوە بۆ یاخی بوون

له رۆخی ئامادەبونی هەتاودا
گوێم له شکانی درەختەکانی بالاّ بوون بو
گوێم له دوا قسەی بروسکەو
سینگ کوتانی هەتاو بوو
له تەنیشت
چێژی هەرزەیی‌و سەفای ئێواره مەستەکاندا
گوێم له ریتمی گریانی سروشت‌و
تورەبوونی خودا بوو
له ژوان‌و پێکەنینی جوتبوندا
گوێم له هاواری حەزێکی نەوسن‌و
ترپە ترپی دڵی کانی بوو
ترسم هەیە له جەنگ
ترسم هەیە له ساتە سپیەکانی شەڕکردن
له هەنگاوە تورەکانی مردن
له سلاّوە رەنگاو رەنگەکانی تورە بوون
له قسە بێ سەرەو بەرەکانی زمان
دەترسم جەنگ پڕاوپڕی بێ مانایی خۆی
ئاوێتەی رەنگەکان بێ‌و
سەر بکەوێ بەسەر ئاوێزەدا
بشنێتەوە
لەنێوەندی ئازارو
ریتمەکانی سەحەردا

ئەم شەو چومە ناو گلێنەی حەزی فریوخواردوی رەنگ
هێواش هێواش
کەوتمە گێڕانەوەی حیکایەتەکانی جەنگ
لەژێر لێزمەی بروسکە تورەکانی خۆم
گرمۆڵە کرد
پەنایەکم هەڵبژارد بۆ یاخی بوون
پەنجەرەیەکم والآ کرد بۆ فرین
روانیم لە باران
چەندە بێ ئۆقرەیە
نەرم نەرم
لە تروسکەی جەنگ رادەکا
روانیم لە سپێدە
چەند حەزی لە دەرکەوتنی نەسیم بو
چۆن رۆحی بۆ باران رادەخا
ترسم هەیە لە جەنگ
جەنگ خەمێکە بێ برانەوە
حەرەندێکە بێ پشو
برینێکە بێ هودە
جنێودانێکە بە سروشت

1/12/2007

# ڕەنجی تینوێتیم

ماسیەکم بەجێماوم

بۆ چۆڕاوگەی بەر تەلانی بەر ماڵان

بۆ جێ سمی زیندەوەری

بۆ تنۆک تنۆکی باران

بۆ شەونمی ئەو سەحەرە نزا دەکەم

من کەشکۆڵی وڵاتێکی پڕ برینم لەکۆڵ ناوە

نیگای ئەو مینایەم کردۆتەوە

کە بە خوێنم چوارچێوەکەم دارشتوە

بەروی گریانی وەرامە والآ دەکەم

خۆشەویستان

گەر ئاسمان هەڵم نەلوشێ

چاوانی خوێن تێزاوم بۆ ئەو پەنجەرەیە هەڵێنم

گەر گەردەلولی مەرگ‌و شەو

بۆ ژێر شیبای تینوێتیما گوڵ دەڕوێنم

خۆشەویستان

ماسیەکی بچکۆلەمە

پەڕاگەندەی تاشە بەردو زوخم‌و خیزی دوور دەریامە

شەپۆلی ئەم زێیە رایداوم‌و

دەروازەکەم پەنگری داخەو لەشم سوتوی پڕ لە زامە

چوار دەوری هەناسەی من

به راوچیانی ژەهر بە دەست
کالاَ بە باڵای مەرگمن و
زنجیر ئاسا بینەقاقای کۆرپەم دەگرن
وا کۆڵێک خوێنی دەریام پێیە
لەسەر تولە رێی مەرگدا
لەبەر بەرۆچکەی خۆرەتاودا رێم لێدەگرن
خەمی نیشتمانێکی بێ رابەر
خەمی زامێکی پڕ کەسەر
لە بازومدا لە چاوانی پڕ تینومدا
لەژێر پەراسوی سۆزمدا دەپارێزم
باوەش بۆ مێژوو دەکەمەوە
تا بەوپەری جورئەتەوە
تاڵ تاڵ خۆر بێتە ئامێزم
ماسیەکی بچکۆلەمە
کەچی ژێر باڵە رزیوەکانم ملیۆن خەونی سوری تێدایە
کە شەپۆلی ئەم بەهارە هەڵسایەوە
هێدی هێدی دەژییێمەوە
لە کەلێنی تاشە بەردێکدا
چاوان بۆ ئاسۆ هەڵدێنم
بۆ ترپەیەک

بۆ دیداری هەناسەیەك

خوێنم دەخەمە شوشەیەك

تا چۆك بە ئازارو چەوساندنەوەو ستەم دادێنم

ئەم كاتەیان گوڵ دەكەمە پسولەی رەنجی تینوێتی

تاكو قومری بۆ بەرامەی هەر گوڵێك

ئاوازی یەكسانی بچڕێ

جڵەو لە ئەسپی سوری خوێندا دادەماڵم

با كرێكارێ یا رەنجدەرێ

بێتو رەشمەی سوری بگرێ

2/2/1993

# تەزوی ئەوین

ئەی خەمی من

لەبیابانی دەرونی شاعیرێکا

کۆرپەی شیعرێ

شیلەی خورماو تاڵیو تفتی بەڕو دەمژێ

لە خاکو دڵی شیعریشدا

گوڵێکی سوری لێ دەڕوێ

بست بست

زەوی شیعر

وەرزی بەهارو ئاسۆیەکی نوێم دەداتێ

گەردەلولی سۆزی ئەوین

پەڕاوی گەش تۆمار دەکاو

پەیامی مێژووم دەداتێ

بیابانی هزری شاعیر

تفتی بەڕو شیرینی خورما

دەخاتە سەر لێوی مرۆڤی ئەم شارە

ئەم دوو تامە دژ بە یەکە

دەڕژێنە سەر خاکی دێمو

دەبنە هاژەی ئەم روبارە

# گوڵ گەنم

جیا لە چیا

ئازاری زەحمەتکێشان باڵای هەیە

جیا لە سیگاری دەمی خوا پێداوەکان

دەرونی برسیەکی ئەم هەرێمە

سوتوو دوکەڵی هەیە

جیا لە سەمفۆنیای ماڵی بۆرژواکان

هەر لێرە سەربڕینی کۆرپەیە

نوزە نوزە هەتیوی ون بوو هەیە

ئەمە قانونی جەنگەڵە

قەرەبڕوتی منداڵانی ژێر مەچەکی گرستانە

وەرزی گەرمەی بێ نانیە

لە وڵاتی نیو بە نیوی بێ ناندا

گەنم دەنگی بە قرتانی یەك پەنجەیە

لە سپێدەی ئەم رۆژەوە

تا زەردەی خۆر

مناڵیم کوڵ لە کوڵم

بە دەستێکم عەرەقەی گەرمای ژێر پەریز دەسڕم

بە دەستێ گوڵە گەنمێ هەڵدەگرم

دەست دەخەمە خەنجەری ئەو ئاغایە

تا گوڵە گەنمێ بێتە دەستم

جیا لە چیا

خەم باڵا بەرزترە

جیا لە تەم

ئاسمانی من تاریک ترە

داسوی فەریک بووی ئەم گەنمە

چوو بە قورگی تینوما

دەمی دەڕاسەکە چوو بە پەنجەما

بۆ ساڵ هەر پەنجە بڕین و

دەست قرتان بێ

بۆچی وەرز

وەرزی برسیەتی و بێ نان بێ

1994

# وروژان

لەودیو عەشق

لە کۆڵانی ئەم بەرەوە

تروسکەی چاوەکانتم لێ دیارە

پێ بە پێ

شوێن پێی هەنگاوەکانت هەڵدەگرم

دەبمە سۆفی خانەقای تۆو

دەروێش‌و دێوانەی ئەم شارە

لەودێو زامەکانم

چاوانی چرام پێ کراوە

گوڵی خۆشەویستیم دەپشکوێ‌و

سرود باران‌و هەتاوە

20/2/1996

# لەزەت و ماچە باڵقبوەکانی زەمەن

کوا دەستت دەگاتە
سێوە حەراەکانی موحیببەت
کوا لەزەت لە حەشری ماچەکانی بەهەشت دەکەی
رەهەندی ئاوابونی نیگا ناسکەکانی تریفە
لە هەرمێ ئاڵتونیەکانی زەمەن قاچاغن
پلوسکی ئەشکە شەرمنەکانی بارانیش
گۆناکانی رامان تەڕ ناکەن
من پێویستیم بە زانیاریەکی رۆشنە (سورەتی گوڵ)
پەلکی گوڵە سەوسەنو هەناسە نهێنیەکانی دەریا لە کوێن
پێم بڵێ شمشێرە تورەکەی (خالد)
چەند گەڵای تری کوشتوە
پێم بڵێ رێگا داخراوەکانی لەزەت لە کوێن
پێم بڵێ کەی دەگەین بە مەملەکەتی روناهی
ئەستێرە بخەینە باخچەی گوندەکان
پێم بڵێ لە روحمی گوڵەکان حاڵی دەبین
گەر سەفەری شەونمە جاویدانیەکان
رومەتی شیعر ماچ نەکەن
چۆن دەگەین بە بەفرە لولدراوەکەی سەحرا
تا تابلۆی روتبونەوەی جەستەکان نەناسین
کەی دەگەین بە مرواریەکانی جوتبون

که دڵۆپ دڵۆپی ساتەکان نەناسین

لە ئێمە زیاتر

کێ سەفەرەکانی (ئاو) و عەتری ریحانەکانی خۆش دەوێ

سورەتی گوڵ

نهێنیەکانی دڵم پێ بڵێ

با هەنجیرە باڵقبوەکانی باخچە بخۆین و

بیچینە ژێر لێزمەی ماچە حەرامەکان

# ماچێك لە گوڵەكانی قەدەر

با فرسەتێک لە ماچ بخوازین
پیاسەیەک بە کۆڵانەکانی بۆن بکەین
لەویٚ پێکی لە نمە فڕینی ماچەکانەوە بنۆشین
با حورمەتێ لە لەحزەکانی پێکەنین بگرین
لەوێش مۆمێک بۆ پێکەنین
لە هەورەبانی راموسینەوە
رستەی ئەم پیاسانە دەڕوانین
دەمەوێ ئەگەر رێم بدەی
بە تولە دەمارەکانی خۆمدا سەرکەوم
لە بڵندایی بورانەوە دەڕوانم
ئاخۆ فرمێسکەکانی من قەسیدەی یەکتر دەخوێننەوە
وا من بە بەرزایی رێگاکانی تیشکدا دەڕۆم
ئەویٚ بەوپەڕی حەماسەوە
دەروانمە برینە شینبوەکانی خۆم
دەروانمە ماچە بالقبوەکانی خۆم
ئاخۆ کەی بیرەوەری لێوەکان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە
با روخسەتێ لە بە بەهابونی ماچ وەرگرین
تاویٚ پشو بدەین بۆ قەدەر
تا گەڵا هەڵوەریوەکانی لەحزە بە ئاو بسپێرم
ئاخۆ ماسیە تینوەکان یان من فلوتی ئاو دەخوێنمەوە
دەمەوێ لە تەنکی (لێوا) بگەم
کە چۆن گوڵەکانی خۆی لە تریفەدا رشتوە

دەمەوێ ئەو تەڕاییە بنۆشم کە دەریا لە لێوی منی وەرگرتوە
وا قەرارە ئەم شەو مانگ میوانی دەریا بێ
تا فەرزەکانی گوڵ بناسێ
تا حیکمەتی ماچ بەرێت بۆ خوا
تا سێ دڵۆپە خوێنەکەی (فروغ) بەرێتەوە بۆ خوا
تا خەنجەر بەرێتەوە بۆ (ئادەم)
لێرە شیعر دەیەوێ زەماوەندی وشە رێك بخات
گەر پەنجەرە نیگامان نەکوژێ
لێرە قوڵپی گریان لە کۆرستانی ماچەکانەوە
فتوای پەیوەندیەکان کۆ دەکاتەوە
دەیەوێ سەر لەنوێ نیگا بەرێتەوە بۆ ماڵ
دەیەوێ بمانباتەوە بۆ ماڵی گوڵەکان
(دەبا فرسەتێ لە گوڵ وەرگرین)
لەوێ خەو لەوێ سروتێکی ئێوارە
من چوار پەلی لە خاچدراوی چیام لێ ون نابێ
با بچین رەگەکانی گوڵ ئاگادار کەینەوە
قەدەر لە نیگاکانی شەودا سەفەر دەکا
رەنگی تەرمە روانینەکانی ئەوین چادری قەرەجەکانم لێ ون نابێ
لەم چادر (سارا بالاّ بەرزە) خەندە نوقمی شەپۆلە لەملاش رەمزی نۆتەکانی بارانە
لێگەڕێ بێ با رەحمەتی پەلکەکانی تریفە چیا ماچ
بکەن
با ئازار لە درزی پەنجە گرژەکانی رەهەند دا بخەوێ

با فرسەتێ فرسەت

من نەزامی کازیوە لە یاد دەکەم نە جەستە تەزیوەکانی ماچ

ئێستا نە خەو لە ئامێزم ئۆقرە دەگرێ نە ماڵئاوایی سێبەریش میوانداریم دەکات

لێرە سەفەر دەکەین لەوێ سێبەری چەقۆ دەمانترسێنێ

بڕوانە ئەرشیفی تاشە داتاشراوەکانی چیا

کە لاولاوەکانی پێش ئێمە ئەوێ نیشتمانیان بووە

بڕوانە دڵۆ هەورەکانی رەوەز چەندە لەوێ عەشق خودانی ئاوو سەحەرە

چەندە لەوێ رەنوی ئازار عەوداڵی رەمزی سەفەرە

گەر پاڕانەوە لە باڵای هۆشدا باڵ بگرێ

باڕوت روحمان ئەنفال دەکات ئەنفال

با چاوان بۆ ماچ بکەینەوە تا نەچوینە باوەشی شەو

لەوێ خۆرو لەوێ ئاوابونێی فەنا

چیا لەوێش کڕنۆش دەبا دەبین بە خەندەیەکی بێ ئاگا

ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ باڵا

نواڵەی پێکەنینمان شەکەت

کڕێوەی مەرگی ساتەکانە

زەمەن شەکەت

هەڵوەرینی گەڵاو لە خاچدانی هەورەکانە

باران شەکەت

با روخسەتێ لە ماچ بخوازین

# ماچێك بۆ دۆزەخەكانی فڕین

یەخسیری ئەو دۆزەخانەم سەفەر لە نیگا دەدزن
ئەو قامەتانە لە تیشک قاچاغ دەکات
کە چناری دەڕواند
پەنجەکانی خەون دەشکێنێ
لەنێوان خەون و ماچدا میوانێک دانیشتوە
وردە وردە باڵای هەناسەکانیەتی و
فو لە زامە درەوشاوەکان و
ئامێز لە ڕەگە کەسکەکانی فرسەت دەدا
ئەم زنجیرانە چەند تووڕەن
وەڵامی مەرگ نادەنەوە
وەڵامی زەمەن و لەدایک بوون نادەنەوە
ئەم زیندانە دەمانخاتە ناو تابوتەوە
لە قورسایی زام و لە گەورەیی ئازار کفنم دەکەن
هێدی هێدی
کۆترە عازەبەکانی زامدار
سەفەر بۆ دۆزەخ و مەنفا دەکەن
فڕینیان نەماوە
شەرم لە باڵەکانیان دەکەن
ئەم دۆزەخانە دەمکوژن
سڵاوی چرا ناستێننەوە
تف لە باران دەکەن
ڕەدوی تاریکی کەوتن

نیگاو نیشتمانی تیشیک شەهید دەکەن

رەت دەبن خونچە دەوەرێنن

دەست لەگەڵ تەمی تەورو

شمشێری شەو تێکەڵ دەکەن

دۆزەخ

چرۆستانی رۆح جێ ناهێڵێ

سروود درود جێ ناهێڵێ

ئێمە جێ ناهێڵێو دەمانکوژێ

ئەوەتا دەریا سوتە رۆیە

سەحرا سوتە رۆیە

سەفەر دۆزەخەو ماچ مەنجەنیقی (ئیبراهیم)ە

من بەناو درزی ئەو ئاگرانەدا دێم بۆ لات

بەڵام کوا فڕینم دەمێنێ

کوا نیگام دەمێنێ

دەستم بگرە

عەشقم منەت لە سوتان هەڵناگرێ

بە هەناوی بۆ چروکی سوتانا

ماچم دێت

چاوم دێت

گوڵێ لە لێوت دەخوازێ

بڕوانە من زەمەنێکە

خەزان لە ئامێزم دا نوستووە

پایزلە (بەر ماڵی)دایکم وەرەس نابێ
نوێژ وەرینی لە حزەکان دەکات
میحرابی دۆرزەخ گولەکانی (عەدەم) گەشتر دەکات
مۆم بۆ گەورەبونی یەک یەک لەحزەکانی برین پێ دەکات
مەمسوتێنە ئەوەندە سوتاندوتم
بە خاپەڕۆی ئەو فرمێسکانەم بسپێرە کە عەشق لە ژوانێکدا جێی هێشتن
مەمکوژە ئەوەندە کوشتوتم
بە نوکی شمشێرەکانی سەهەندم ئاشنا کە
کە ترازانمان حاڵی کردین
تێگەیشتم نە زام ئەوەندەی خەمم شین دەبێ
چاو لە وروژانی لەزەت و
تام لە ئازاری عەشق بکەم
بەڵام ئەوەندە درزی تولە ڕێگاکانم بچوک مەکەرەوە
وەسیەتەکانم لای شەو جێهێشتوە
هێندە فو لە مۆمی تەمەن مەکە
چونکە خوێنی ئەو چنارانەم شاهیدن
خۆشم دەوێ
گومان مەکە
بالأم لە بالأتدا بزر دەبێ
ماچم لە ماچتدا نقوم دەبێ
دەبێ

# ئەم قیامەتە بوە هەیمەنەی قامیشەکان

دەست مەنیٚ بە رووومەوە با گوڵەکانم وشک نەبن
من نوسینەوەی هەر ماچێک
بە خوێنی لێوەکانی دەریا دەڵێم
ئەو دڵۆپە وەنەوشەییەکانی باران
بە نیگا نەوسنەکانی عیشق دەناسێنم
گویٚ لە فڕینی مرونەتی دەریاوانەکانی ئیجە دەگرم
ڕێگام پیٚ بدە من ئەم قیامەتە بۆ میوانەکان دەگێڕمەوە
با وەڕەسی ئەم ڕێواسانە
بە فوارەی ئەم فەنابونە بسمیل کەم
من گوڵەکانی (خود) دەخوێنمەوە
ئاخۆ (رەحمی) ئاوریشمی دایکم
بەکویێدا بە رامانم ئاشنا دەکا
نیگاکان تەماشا دەکەم
کە وزەی هەنگاوەکان دەکەن بە زەمەن
شوشەکان دەکەم بە کریستاڵی ئەو هزرانەی برین
کە (وەختەکانمان) بیر دێنێتەوە
ئەو (کاتانەی) ماچمان فڕیٚ دەایە
دەربەندو چۆماو چۆم دەچۆڕانەوە بۆ دەریا
ئەو وە(ختانە)ی رۆندکمان دەکردە (دڵۆپە)و
دەرگا داخراوەکان دادا خوسان
(زەمەن) ئەمشەو بە ناو نوکی قەڵەمەکەمو سیرەی پەرەکانی ئینجیلدا رەت بووم
هەموو نیگا نەرمەکانی مەسیحم خوێندەوە

وشە (ئەسپەکانی) نەزەرم
بەناو کوچەو کۆڵانەکانی چاودا پیاسە دەکەن
یەرغەی ئەو (ماینانە)ی کە لە بیابانی ماچەکاندا
گوڵ بەجێدەهێڵن بۆ ئێوە دەگێڕمەوە
(زەردەخەنە) غەدرم لێ مەکە کوا ئەو شەوانەی خۆر ببینین
کوا ئەو رۆژانەی ئەستێرە لە ئامێز بگرین
کوا ئەو (زەمەنانە)ی لە روانینمان هەڵکەندبون
جودایی فێری خۆ کوشتنم دەکا
فێرم دەکا گوڵەکانی بیابان بگەچڵێنم
فێرم دەکا ماچەکانی بەرد لەبیر بکەم
فێرم دەکا ئاوازەکانی زەردەخەنە سەر ببڕم
تەڵاقی هەموو (زەمەن) زیندوەکان بدەم
بلوسکی هەموو کانیە شیرینەکان بشکێنم
ئەو گوارانەی مەملەکەتی فڕین با بیان دەین
لە گوێچکەی (رەهەندەکانی تێڕامان)
با بیانکەینە دیاری
بۆ حەیرانەکانی پێکەوەبون
بۆ یەکەم نیگاو یەکەم راموسانی (حەرام)
بۆ حەسانەوەی پەنجەکانمان
غەدر لە دڵۆپەکانی باران مەکە
با رێژنە بکەن بۆ سەر تەپۆلکەکانی مەمک

با زولفەکانی پایز شەلاَل بکەن

با نیشتمانی (عەدەم) بە گۆڤەندی رەنوە بەفر گریَ دەنەوە

ئەم دلَۆپانە بە ئاقاری جەستە تەعزیبدراوەکان بەرن

با سلاَوی گولَەکانیان پیَ بیَ

ریَم پیَ بدە

لەم دلَۆپانە پەنجەیەکیان بکە بە دیاری بۆ ناسینی (یەزدان)

لەم دلَۆپانە تەڕاییەک جیَبهیَلَە بۆ بەستنەوەی

جەستەو رۆح

ئەی (قەرار) بمبەرەوە بۆ ژیَر فوارەی سروشکەکانی دایکم

بم بەرەوە بۆ نسیَی مەمکەکانی خاک

بۆ ماچە (سونەتیەکانی) خۆم‌و خۆت

چەند پیرۆزن ئەو ماچانەی فیَری گۆرانیان کرم

فیَری شکاندنی پەرژین‌و چیَژی سیَوو

عەشقی بارانیان کردم

فیَری پشودانی باخچەو نیگاو روانین قامەتەکانی (با)یان کردم

دەست مەنیَ بە روی (قەدەرە)کانی نهیَنی

مەرگیش سرودی نەمری خۆی دەلَیَ

تەمەن دلَیَکی دەستکردە

بەرد خاوەنی ئەو قەرارانەیە کە جمەی ئەو فرمیَسکانەی لیَ دیَ

بەرد موتفرِکی ئەو حەزانەیە

کە بەنیَو روح‌و گریانەکانی دایکمدا تیَدەپەڕیَ

بەرد لۆژیکی ئەم وروژانە بێ فێڵەیە
کە لەحزە بە لەحزە لە ئاومان نزیک دەکاتەوە
دە لێگەڕێ با سرەشتی (تۆسن)
ئەم رامانە فریودراوانە بەرێتەوە بۆ کانی
ئەم وەسیتانە بداتەوە بۆ سەفەر
ئەم سەفەرانە ئاقاری هەناسە بکاتەوە
با ئەزەلی بینو چیتر (گەنم) نەخۆین
ئەم گەنمە کوێروی لێ دراوە نوقمی گوناهەکانمان دەکا
فێری نزاو ئاوازی (تەنەزولمان) دەکات
لەبیرمە ئەو رۆژەی لە ئیجە بوم
هەمو کەشتیە عاتیفیەکان دەیانبوغزاندم
قامیشەکان وێڵی ناو قولاییان دەکردمەوە
هیچ بنچە گیایەک گوێ بە تەزوی پەنجە ماندوەکانم نەدەدا
لەوێ هیچ دەوەنێک نەبو یان زنارێکی ئەوین
کە بمباتەوە بۆ باوەشی دایکم
ئەو دەوەنەی لە هزرماندا خولقاو
تاشەیەکی لە عیشقدا بە ئێمە
نرکەی ئەو غەمە بچوکانەم بیر دەخاتەوە
وەنەوزی (یەڵدام) پێ ماچ دەکات
کە دایکم بە قەسیدەی گریان دەیژیراندم
چەند خۆش بوو

ناو لانکە سەمیمەکەم چەند خۆش بوو
کە زەخرەفە تابوتی (ئاگا)ی پێ ناساندبوم
چەند خۆش بوو گریانی بێ تورەیی
ژوری باوکمی پڕکردبوو
ئەو شەوانە ئەوەندە خۆم خزاند تا کەوتمە
سەر فرمێسکەکانی دایکم
ئەو چیرۆکە تەواو نابێ
تا لە ئێجە نەگەڕێمەوە
تا بێ پسولە نەگەڕێمەوە ناو رەحمت ئەی عەشق
تا بێ هەنگاو نەیەمەو ناو سومات ئەی عەشق
تا بێ چرپە نەگەرێمەوە نێو باخچەی ماچ
ئەو ماچانەی کە ئایەتەکانی دایکمی پێ خەتم کردم
کە (مەسیح) مریەمی پێ ئاشنا کردم ئەی عەشق
کە (حەرا)م ناسیو فێری نوسینەوەی قەدەری کردم
ئەو ماچانە زەمەنن
کە گوڵەکانی تەمەنی پێ خڕکردمەوە
نمەی لەزەتەکانی بۆ دەکردمە کەپر

# سروشت لە ماڵە سپیەکەی تۆ لەدایك دەبیٚ

ئێرە نیشتمانی منەو

ئەویٚ مەرگی ساردو بەفرەستانی جەستەیە

ئەم حەرفانە وەیشومەی نسێکانی ماچ دەگێڕێنەوە

نوای فەناوبنی رۆحو تاوێری برینەکان دەنوسن

بەوێدا دێم

ولاٚتم دەکەمە نیگایەکی نەوسن قەت لە چاومی ناشارمەوە

زێدم دەکەمە ماچێکی بە لەزەت قەت لە لێومی نادزمەوە

بەرد دەکەمە هەناسەیەکی نەرم

بەڵکو فڕین بۆ منارەی گوڵە سورەکانی ماڵت بچێ

بەڵکو تابلۆ لە ناخمدا ببێ بە سلاٚو

ئێرە ژوانی هەناسەمە

چرۆ تک تک

دەڕژێتە ناو باخچەی ئەوین

ئەویٚو ئەولای تریش کوانوی بێ تینو بێ بڵێسەن

گوڵی بێ بۆنن

زەفەرو جوانی سروشت دەشکێنن

ئێستا لێرە لە ناخمدا فرسەتێک دەژی

لە ناخمدا لەحزەیەک دەژی

بۆ رامینی

هەموو گلوە سپیەکان لە ئامێز دەگریٚ

بۆ ئێرە رەنگ دەکا بە کراسی کانی

لەرەی گوارەیەک دەکا بە دەنگی دڵۆپەیەک
چپەی نەسیمێک دەکا بە گوڵی باخچەیەک
دێم لەم پەنجەرەیە دێمە ژوورەوە
تا ماڵە سپیەکەت ببینم
روناکیو گوڵە رەنگاو رەنگەکانی تابلۆو
یەک یەک ئاونگەکانی باخچە ببینم
دێم سڵاو لە باڵاو لە ئامێزی حەزەکانت دەکەم
دێم سرود لە دیرۆکت وەردەگرم
بۆ رەزو بێستانەکانی بەرائەت
بۆ ماچە خنکاوەکانی زەمەن
لە ماڵەکەت
عەشق دابەش دەکرێ
باران نم نم لەدایک دەبێو
بەهار کەسک ترو
سات سات
ژوانی نوێ
هەستانو ئاونگی بەیانو
قسەی سپیو هەژمونی سپی پەیدا دەبێ

# نسێکانی مەمك

لەگەڵ پەیدابونی هەتاو فرمێسکەکانی وەنەوشە ماچ دەکەم
لەگەڵ ئامادەبونی نیگای رەز
لەگەڵادا خەو بردمیەوە
لە چرا گریان تنۆک
تنۆک دەڕژێتە ناو
زەردەخەنەکانی زەمەن
ئەم دڵۆپە ئاونگانە
بەنێو درزەکانی فرپندا رەت دەبن
ئەو نهێنیانە لە گەرمەی ئارەزوەکانداپێمان گەیشتن
تروسکایی تەنها یەك سەفەری خۆر بوو
بۆ وڵاتی وەرینەو
تەمەنە کورتەکانی چێژ
کە زراڤی ماچەکانی مانگم دیت
لەناو
مەمکە خرپنەکانیدا خەوتم
عەشقمان ترازا
کەوتە سەر سوانەی روتبونەوە
لە چڕی ئەو چیرۆکانەدا دەژیم
کە فەسڵی ئەوین بە منی گوت بڕوێ
بڵاوبە بەناو
خوێنی دەنکە هەنارەکانی (سهراب)

وتی

قامکە مەستەکانی زمان

لە برینی مزرو

لە مزری شەونمەکانی فڕینو

لە فڕینی نسێکانی مەمك بخشێنە

# جریوە جێماوەکانی فڕین

1

ئەم رنینەی لە فرمێسکەکانی تۆم دیتن خەشن بوون

چرای چاوەکانت ئەو کاتەی بە روانینم شاد دەبێ

بیر لەوە دەکەمەوە کە دەمرم

پێم سەیرە لە خەرەندی لێوە ئاڵەکانی تۆ چرکەی زەمەنەکان بزر دەبن

چونکە نە خەون دایان دەپۆشێو نە کوشتنی ئاو هەڵیان دەوەرێنێ

نە کولاندنەوەی برینەکان لە هزرمان دەسڕێتەوە

خانمێک بوی نیگات دادەنا بۆ وەڕەسی گوڵەکان پێدەکەنیو

حەزت لە نیگا شەرمنەکان دەکرد

لە پێنوسێک نەرمتر مێژوی رێژنە هەڵوەریوەکانت دەنوسیەوە

2

ئەو رۆژەی وجودم پەیدا بوو زەویم ناسی لە حەژمەتا گریام

ئەو لەحزەیە بۆ دایکم زەمەنێکی زیندوەو قەت لەبیری ناچێتەوە

لە گریانو بارانو خەزانی گەڵاکانو وەرینی هەناسەی

پایز باوکم رادەما

وتی من چیم کرد دەریاو گوڵو بەفرو رەزو باخچەم ناسی

دایکت منی ناسی دنیامان روانی تۆ بۆ هاتی

تۆش گریانێک زەحمەتێک بناسە بۆ پێکەنین مادام هاتی

ریحانەیەک بناسە بۆ بۆن ئەو کاتە هەمومان دەچینەوە

بۆ هیچ بۆ سەراب

3

فریشتەیەك گوناهی چی بوو بۆ چێژی حەزێکی ئاگراوی مەرامی تاسانی لە ئامێز دەگرت

بێ چرپە ژوانی دەکردە لەرینەوەی ئاوێزان

دەچەمایەوە بۆ خەون بۆ نهێنی بۆ عەشق بۆ باران‌و بۆ بڵێسە

من ئەو چەمانەوەیە دەکەم بە کەنیسە بۆ هەوێنی باڵای ماچ بۆ ناسینی (مریەم)

ئەی ئەو سروتە پڕ هەناسەیە فرمێسکی راهیبەکانی دەخوێندەوە

بۆ پێم نازانی

4

ئەو قەرارانە موتفرّك بوون ئەوان بوون ئاسمانێکی پڕ لە نیگا

کە وەنەوزی هەناسەکانی راهێنا بە من

کە حورمەتی مانیفێستی نوسی بۆ ماچ

کە هەناوی دایە تەڕایی‌و بارانی دا بە خاك‌و لە هزری ساتەکانمدا نسێی رواند

ئێستا نە فڕین لەوێ ماوە

نە پەروا نە ئۆخژن بە دڵمان دەزانێ

ئەی تۆ لەکوێی

# سەحەرو ئاشنابونی خەون

موحیبەت

ئەوەل سەحەرە

ئێستا شۆڕبونەوەی فەرمانە بۆ سەدا

بۆ رابونی نیگا بەجێماوەکانی (فەروغ)

سەحەری گەردەلولەو راونانی خێڵی فەنایە

سەڵاوەتی ئەزەلو حورمەتگرتنی گەڵایە

جیلوەی تەزووەکانی هزرە

هەڵسانەوەی جەستەی تەزیوی نیگایە

(تاشکۆفەی) (شاملۆیە) بۆ باڵاکردنی شیعر

زەنگی مەسیحە بۆ مینبەرە داخراوەکان

بۆ پێنوسە خەوتوەکانی تەکیەو

چیرۆکە لە دەسچوەکانی زەمەن

# ماڵێک لە عەشق

ئەوە سیمای لێوەکانی مانگە
لەسەر گۆی مەکەکانتەوەی دیارە
یان لەزەتی خەونەکانی ئاوە
تنۆک تنۆک
بە سینگتەوە پێدەکەنێ
بەسەر ماچە شەودا دەڕژێ
هەڵسەوە با وێنەی خۆم لە ئاوێنەی
ئەم نیشتمانە بێ گوناهەدا ببینم
کە پڕیەتی لە ئایەتی سوتاو
با گەڵای وەریوی نیگای عومرم
لەو فرمێسکانەی کە مانگ ڕژاندنی یاداشتیان بکەم
لەوێ ژوانی پەنجەکانە
هەڵسەوە ئەوە وەسیەتی تەڕاییەکانی ماچە
کە باڵای داوە بە چنار
یان بەشێکە لە عەشق
لە عەتری مەمکدا نقوم بوە
ئەوە دوا سێبەری گوڵە
تکا لە هەتاو دەکات
هێواش هێواش بیخشێنی
بەسەر دوندەکانی هەڵوژەو نهێنیەکانی باخچەدا
یان پرسیارەکانی عەشقە
دەستمان پێ لە تریفە دەداە
بە بەندەری لێوەکانی چێژو
برینەکانی ماچماندا دەبات

# 3 کورته شیعر

## چەمانەوە بۆ برین

به ئاقاری نسێیەکدا رۆیشتم
مەوسمێک تک تک دەچۆڕایەوە سەر کانی
قەرارمدا
لەوێ هەناسەم بە ئاو بسپێرم
بە کۆڵانی دڵۆپێک لە خەونەکانی باراندا رەت بووم
بەهێواشی پاژنەی پێلاوەکانم هەڵکێشا
لەگەڵ خورەی باراندا رێگەم بڕی
بە رەهێڵە رژامە سەر زامی ئەوین

## گەڕانەوە

چاوم لە وشکاییدا دەنوت
گەڵایەک وێنەم دەکێشێ
بمگرە خۆت ئەی دڵەی تەڕ
با بە ئاوی زەمزەمەی تۆ
جارێک فرمێسکم بناسمەوە
جارێکی تر یەخەی کراسەکەم شل بێتەوە
جارێکی تر وەرینی گەڵاکانم بدوێنمو
مەرگی خەونەکام بخوێنمەوە

## ڕەحم

پێش ئەوەی بمخوێنیتەوە وێڵی ماڵی منداڵیم بکەوە

ئەویٚ خەونیٚ بوو پڕ میهر

ئەویٚ عەشقێک بوو پڕی ئاو

ئەویٚ ڕێگایەک بوو پڕ نسیٚو قەراغەکانی هێشوی تریٚ

هەناسەم وروژانی مۆسیقی

ئەم هەفتەیە ماڵی ساواییم ماڵی کۆرپەییم ماڵی دروستبوونم دەڕوخێنن

ئەم کۆختەیە کوانوی پڕ نازو جێگای خەنی ساوایمم بوو

ئەویٚ عەشقو خەونی زەردەخەنەو نەبیستنی برین بوو

ئەویٚ ماڵی باخچەو میحرابێکی بیٚ گوناح بوو

# تۆ فێری یاخی بونم دەکەی

بۆ یادی 66 ساڵەی لەدایکبوونی حزب

تۆغیانم بوو دەستم درێژ کرد بۆ سێبەر

وەختم بوو وەخت پەنام هێنابوو بۆ هەناسەی عەشق

ئەو ساتانە خەڵکی بەدوای چرایەکدا وێڵ بوون

ئەو دەمەی بە قاچاغی باسی عەشقو سرودی رابونمان دەکرد

دڵمان لە مشتی قامیشەکانی سحردا بوو

دڵمان بەدوای فێڵەکانی رەشەبادا دەگەڕا

جەستەم بەدوای هەناسەی زیندانیەکاندا دەگەڕا

نائاگا نەبوم لە دەستنیشانکردنی عەشقم

نا حاڵی نەبوم لە گۆڕینەوەی پەیمانی سور

لە شەوی تارو جەنگەڵو پڕ مەترسیدا

منو دایکم هەموو شەوێ بە دیار نامەکانی چیاوە قاقامان دەکێشا

منو فانۆسە شکاوەکەم تا درەنگ وەخت

بۆ شیعرێ دەسوتاین

شعری باڵای لە قەندیل دەدا

بە هەناسەی چنارو

بە تنۆک تنۆکی هزری (رەسوە سورا) سەرچۆپی دەگرتو

بۆ ناو دیوانی حزب شۆڕ دەبۆوە

تا درەنگانێ بە کۆرس دەمانوتەوە بۆ هەڵۆ

ئەو هەڵۆیەی یەک یەک نەبەردیەکانی دەکرد بە مەشخەڵ

شعرمان دەوت بۆ نیشتمان

بەفرمان دەکردە ئاسۆ تێر تێر دەمانڕوانی

قەندیلمان دەکردە قیبلەو چاوی ئێوەمان دەکردە نیشتمان
ئێوە بۆ کڕنۆشی پایز دەچوون
ئێوە لە خەزانی گوڵەکانی دوور بوون
ئێوە رەنگی ناپاکی نەبوون
ئەی کوا ئەو زامانەی کە خوێنەکەیان وشک نابێ
کوا ئەو زەمەنەی عەشقی لێ پیر نابێ
کوا ئەو دایکەی کە حزب لەسەر مەمکی دەخەون‌و
دەتانوت عشقی دایکت قەت گوم نابێ
من سەفەری ماچ‌و راموسینی رێواسەکانی مێژوو نەیهێشتم
دەستی پیرۆزی دایکم بشکێنم
بارانی (رێگا)و یادەوەریەکانی (فەهد) نەیهێشتم
حەرفی لێوەکانی (هەڵۆ) بخنکێنم
ئەندێشەو روحە تەعزیبدراوەکەی (مامۆستا ئەمین) نەیهێشتم
گوڵەکانی حزب بقرتێنم
دەستە پڕ شەهامەت‌و جامانەکەی (عەلی حاجی) نەیهێشتم
بڕیاری خۆ کوشتن بدەم
(یاماها)کەی شەهید سلێمان وتی
بمپارێزە تا عشق خۆی دەتخنکێنێ
بمپارێزە تا دایکمان خوێنی دەکاتە مەشخەڵی تورەبوون
بمپارێزە تا چیا دەتکاتەوە بە کۆتەڵ‌و دەبیتەوە بە ئەزمون
مەشکێنە تا هەمویان لە نۆتە حاڵی دەبن

ئاخ

ئاخ بازاڕی گەندەڵی لەبیرچوون‌و بۆگەنی پیاسەی ئێواران

ئاخ بێ مروەتی عەشق‌و بەدڕەوشتی یاران

چۆن سەرمان بوە بە فرشی بێ ئایڕووی‌و

زەمەنمان چۆن بوە بە تاوان

# سوتانێك له ئاودا

ویستم بێمە ناو ئەو زریانەوە
کە تیژی نیگایەک رایدەژێنێ
ویستم هێلانەیەک لە سرودی گڤەو نوزە نوزی دروست بکەم
چەند تامەزۆر بوم بچمە ناو پەشمەکانی ماچو
خەیاڵێ لەوێ برِوێنم
خەیاڵێک تریفەو دەریا بە یەکتری ئاشنا بکات
مەڵو ماسی لە خانەیەک پەنادا
پەنایەک لەژێر باڵی وردە دڵۆپەکانەوە دروستکرابێ
خەیاڵێک لە چاوماندا تریق تریق پێبکەنێو
ببێت بە هاوسەری سەفەرە دوورەکان
ئەو سەفەرەی نە مەرگ رێگای لێ دەگرێ
نە برین جارێک میوانی دەبێ
ویستم هەموو ئەو خوازیارانە خرِ بکەمەوە
کە لە فرمێسکێکی سپیدا نقوم بوبن
ئەو فرمێسکەی باڵقبون لە چاوانمانی دزی
ئەو فرمێسکەی ئەهریمەن کردی بە ماڵی هەتا هەتاییم
دەمەوێ بەدوای ئەو دڵۆپانە بکەوم
کەی بۆ جارێک ماچ دەدەن بە چیا
کە ئەوان موعاناتەکانیان
تەسلیم بە فرِینی مانگ دەکەن

دەمەوێ بنوم لەناو چرپ‌و چاڵی

ئەو شەهوەتەی مانگ تەسلیمی خۆری کردووە

خۆریش لە قولینچکێکی دەریا فرێی دابون

ویستم لە یاقوتی ئەم سروتە وەنەوزی دەم

خەون بە زەمەنی فڕینی چاوە عاسێکانی لەزەتە ببینم

مۆمێک لە لەحزەیەک پێدەکەم

تا زامێک بخەمە جەستەی گوڵەوە

سەرچەف بەو هەناسانەدا بدەم

کە ئێرەیی بە هەنگ‌و گوڵەوە دەبەن

کەی مۆمەکە فوو لێبکەم تا غەرقی گەڵاکانت بم ئەی گوڵ

کەی تەمنەم راخەم تا لە عەتری هەناسەتدا پشو بدەم ئەی گوڵ

حەز دەکەم دەستم لەو قیبلانە بدەم

کە نالی روانینی بەوێ دەسپاردو رۆحی لەوێ راخستبوو

ویستم خەیاڵم بدەمەوە کانی

ئەو کانیەی چرۆی خۆشەویستی خولقاند

بارانی کردوە بە کەپر

تا لە ئاودا عەشق مەلە بکات‌و

ئاویش لە عەشقدا نەسوتێ

# گومانێك بۆ لەدایك بوون

لە فرمێسکێکدا پرسیارەکان وروژان
تۆ ژنایەتی خۆت لە نسێی دڵۆپەکانی ئەشکەوت
خواستوە
یان لە زەردەخەنەی ئاو
ئەی نەسیم لە هەناسەی مەمکەکانتدا لەدایک بوو یان لە مژینی گێلاسەکانی دەریا
دەی هەناسەی سروشت ئەم چرایە داگیرسێنەوە
با چاوم تێر برژێ برژێ
بۆ خوڵقاندنی تریقانەوەی سێو
با پەنجەم رێژنە بکەن بۆ کوکوختیەکانی کەرنەڤاڵ
تا سەما دیارە بە سرودی ئاونگ لەبەر کەم
با لە نەرمو نیانی سێبەر حاڵی بم
منو تۆ چرایەک خەفە دەکەین تا بپشکوێ خونچەکانی نیگا
ماڵی رۆح بە خەون بسمیل بکەن
سێوم دەوێ لەو باخانەی مەستی شێتین چیمەنم دەوێ
لەو چاوانەی لەبەر لەزەت هەڵنایەن
حەزم لە گومانە لە گومانی رووتبونەوەی گوڵەکانی زەمەن
خۆیان گومان دەکەن ئاخۆ لە کانیەک ئاوس بوون
یان بۆ ماچێک لەدایک بوون
نەوەی جوتبونی بارانو کەنارەکانی دەریان
یان سڵاوێک بە روخسەتی لە دەریای خواستون
هەناسەکەم ئەو گومانە پرپەتی لە شعر

دێیت وەک ئەوەی چاوەکانم بناسێنیو
دوا تنۆکی تلانەوەی عەشقم پێ نۆش بکەی
لەسەر سفرەی ماچدا
لەناو رەنوی خزینی نیگایەکی تەڕدا
لە کوانوی راموسینی تریفەیەکدا بە من بگە
لە دەربەندی مەستی لێوەکانتەوە ئاوێزانم بە
ئەگەر دێیت ئەوەندە چاوەڕێت دەکەم
تا بەرد دەبێت بە ئاو
تا مانگ توڕە دەبێ لێم
رادەوەستم تا کانیەک لە سنگی خۆرەوە هەڵدەقوڵێ
تا پلوسک لە چاوانم هەڵدەبەستم رادەوەستم
وەرە لام سینەم کوچکی ئاگردانی مەنفایە
وەرە لام مەغزم رنینی گومانێکی سپێدەیە
سڵاوێک دەمکوژێ پێش ماچ بە من دەگاتو نا خافڵێ
داگیرم دەکات
سڵاوێک دەمترسێنێ کە دەریا لە گۆرانی دەخاو فێری خیانەتم دەکا
بڕژێنە گوناه ئەوەندەی کەفی دەریا
ببارێنە نیگا ئەوەندەی خوێنی دارەبەنەکانی چیا
شۆڕبەرەوە بۆ ناو خەیاڵە رۆمانسیەکانم جارێک ئارامم بکە
وەرە وا زەمەنی لێک نزیک بوونەوەیە گوڵم
هێواش بە لەگەڵ چاخی جاویدی عەشق

بڕژێ بڕژێ با ڕژان لەتۆ سەوز بێ
کوا دەڕژێیت‌و جارێک ئەو قەسیدە شەهیدانەی گۆی مەمک بخوێنمەوە
کوا دێیت‌و جارێک ئاوێتەی توێژاڵی لێوەکانت بم‌و
بە ئەسپایی چیرۆکێک بۆ ئاوێزان بنوسمەوە
گومان دەکەم
23/7/2000